# پلانی ڕۆژانەی زمانی

# کوردی

# بۆ ساڵی خوێندنی

# ۲۰۲ - ۲۰۲ زاینی.

# پۆلی یەکەم

**مامۆستای وانە :**

**قوتابخانەی :**

## پلانی ساڵانەی زمانی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی ﴿ ٢٠٢ - ٢٠٢ ﴾ زاینی .

| مانگەکان | هەفتەی یەکەم | هەفتەی دووەم | هەفتەی سێیەم | هەفتەی چوارەم |
|---|---|---|---|---|
| تشرینی یەکەم | پەرتوك ( هۆنراوە )<br>ئامادەکردنی گشتی | ئامادەکردنی تایبەت<br>سمۆرە ( هۆنراوە ) | وانەی ( ١ ) ئامەد، پیتی ( د )<br>وانەی( ٢ ) دار ، پیتی ( ر ) | بزوێنی ( ا، ە )<br>وانەی ( ٣ ) مۆز ، پیتی ( ز ) |
| تشرینی دووەم | وانەی( ٤ ) چاو ، پیتی ( و )<br>وانەی ( ٥ )مەڕ ، پیتی( ڕ ) | ئاکاری ئاخافتن<br>وانەی ( ٦ ) دۆ ، پیتی ( ۆ ) | وانەی ( ٧ ) نەی ، پیتی ( ی،یـ )<br>ئێك دوو( هۆنراوە ) | وانەی ( ٨ ) ئاو ، پیتی ( ئـ )<br>وانەی ( ٩ ) نان ، پیتی ( ن ،نـ ) |
| کانونی یەکەم | وانەی ( ١٠ ) ڕۆژ ، پیتی ( ژ )<br>وانەی( ١١ ) دێ ، پیتی ( ێ ، ێـ ) | وانەی ( ١٢ ) کەباب ، پیتی( ب،بـ )<br>وانەی( ١٣ )ڕێواس ، پیتی( س،سـ ) | شاری یاری<br>وانەی( ١٤ ) بەڕوو، پیتی( وو ) | وانەی( ١٥ ) دەم ، پیتی ( م،مـ )<br>وانەی( ١٦ )پەت ، پیتی( ت ،تـ ) |
| کانونی دووەم | وانەی ( ١٧ ) بووك ، پیتی( ك،کـ )<br>وانەی( ١٨ ) تیمساح، پیتی( ح،حـ ) | وانەی( ١٩ ) ئاش ، پیتی( ش،شـ )<br>وانەی ( ٢٠ ) تۆپ ، پیتی( پ، پـ ) | پشووی کۆتایی وەرزی یەکەم | پە پولە( هۆنراوە )<br>وانەی ( ٢١ ) سەگ ، پیتی ( گ،گـ ) |
| شوبات | بەهار( هۆنراوە )<br>وانەی( ٢٢ ) کەف، پیتی( ف ،فـ ) | وانەی( ٢٣ ) مەل ، پیتی ( ل،لـ )<br>وانەی ( ٢٤ )قانع ، پیتی ( ع ،عـ ) | وانەی ( ٢٥ ) دەهۆڵ ، پیتی( ڵ ،ڵـ )<br>وانەی( ٢٦ ) بەهرە ، پیتی ( هـ ) | وانەی( ٢٧ ) بۆق ، پیتی ( ق ،قـ )<br>نەورۆزە مەستم ( هۆنراوە ) |
| ئادار | وانەی ( ٢٨ ) شاخ ، پیتی ( خ ،خـ )<br>وانەی( ٢٩ ) ساج ، پیتی ( ج،جـ ) | پشووی بەهار و نەورۆز | | وانەی( ٣٠ ) باغ ، پیتی ( غ ،غـ )<br>وانەی ( ٣١ )مرۆڤ ، پیتی ( ڤـ ،ڤ ) |
| نیسان | وانەی ( ٣٢ ) ورچ ، پیتی ( چ ،چـ )<br>باخچەکەمان | وانەی ( ٣٣ ) خەون | وانەی ( ٣٤ ) وەرزەکان | پیاچوونەوە |
| مایس | پیاچوونەوە | | | |

**مامۆستای وانە**

ئامانجی گشتی: ناسینی دەنگ وشێوەی پیتەکانی( ئەلف وبێ)ی زمانی کوردی (دایك) وخوێندنەوەو نوسینیان. چۆنیەتی شێوازی دەربڕینیان بەشێوەی ڕاست و دروست لەلایەن قوتابییەوە .

ئامادەکردنی تایبەت: هەڵسەنگاندنی قوتابییان لەڕووی بینین و بیستن وڕادەی تێگەیشتن وزیرەکی لەدیاری کردن وناسینەوەی ڕەنگ وشێوەو جیاوازی ناتەواوی لەسەرجەم ئەو وێنانەی کەبۆی نمایش دەکەرێت لەسەرەتای دەستپێکی پەرتوکەکەوە لەپێداویستیەکانی ناو ماڵ وپۆشاك وهۆیەکانی گواستنەوەو دۆزینەوەی وێنەی نامۆ لەنێو وێنەکاندا. دیاری کردنی وێنەی جیاواز. دیاریکردنی وێنەی ناتەواو. شێوازی هەڵسوکەوت لەماڵەوە چۆنیەتی خۆ ئامادە کردن و هاتن بۆ قوتابخانە. هەروەها چونیتی هەڵسوکەوتی لەقوتابخانەدا. چۆنیەتی گرتنی پێنوس بەشێوازی ڕاست ودروست. وەئامادەکردنی قوتابی بۆ نووسین لەسەر هێڵ کاریگەری نوسین لەسەر هێڵ لەسەر جوانی نووسین.

لەئامادەکردن ونووسینی م. کەریم مەحمود

دەربەندیخان: (٢٠٢١/٨/١٣)

زمانی کوردی　　　　پۆلی یەکەم　　　　بابەت :( ئامەد ) پیتی( د )

وانەی :یەکەم　　　　ڕۆژی :　　　　بەروار:

---

ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕینی ونوسینی پیتی( د ) لەوشەی( ئامەد )

شێوازی دەربڕین :-گیر،گڕ ،ددانی .

هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .　　　　مندالآن با گوێ بگرین.　　　　باسی ئامەدی شیرین




ئامەد شارێکی جوانە　　　　شارێکی کوردستانە

| ئامەد | ئامە　　د | د |
|---|---|---|

پێشەکی/ هونراوەی سمۆرەیان پێ دەڵێم بەکۆمەڵ .

خستنەڕوو /

هەنگاوی /١/:- وێنەکەیان بۆ نمایش دەکەم پاشان ئەم هۆنراوەکەیان پێ دەڵێم ، پاشان پێیان دەڵێم ئەمە لەم وێنەدا دەبینین ئەمە شاری ئامەدە ( ئامەد ) شارێکی کوردوستانەو دەکەوێتە باکوور کوردوستان و شوێنەواری مێژووی کۆنی زۆری تێدایە وەك قەلآ وبازاڕ ومزگەوت وهتد .....وەپایتەختی باکوری کوردوستانە ودانیشتوانەکەی بەشێوە زاراوەی کرمانجی قسە دەکەن وەناوێکی تریشی هەیە پێی دەڵێن ( دیاربەکر ) ، پاشان پێیان دەڵێم ( ئامەد ) دەنگی ( د ) تێدایە ،وەچەندین جار خۆم وشەکەیان بۆ دەردەبڕم پاشان پرسیار لەقوتابییان دەکەم دەنگی چی تێدایە .

هەنگاوی /٢/:-ناوی وێنەکان بلێ وئەو وێنەی دەنگی( د ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە بەلآم تەنها یەك جۆر ڕەنگ بەکار بهێنە .

هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەوڕووتەڵکردن بۆ بەدەست هێنانی پیتی ( د ) وشەی ( ئامەد ) بەکاردەهێنم لەسەر لەوحەی گیرفان پاشان لەسەر بۆرد پاشان بۆردەکانیان پێ دەردەکەم و پیتەکەیان پێ دەنوسم .

هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بلێ وئەو وشەیەیی پیتی ( د ) تێدایە پیتەکە بدۆزەرەوەو بەچەماوەیەك دەوری بگرە .

هەنگاوی /٥/:- وشەکانیان بۆ دەخوێنمەوەو پاشان داوایان لێ دەکەم هەر وشەیەك پیتی ( د ) تێدایە بیدۆزەرەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان یەك یەك پیتەکە دەربڕن .

چالاکی/١/:-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە، بنوسەوە .

چالاکی /٢/:- ڕەنگەکان ببینەو بیلێ .

چالاکی/٣/:- پیتی ( د ) بدۆزەرەوەو دەوری بگرە .

چالاکی/٤/:- ناوی وێنەکان بلێ و پیتی ( د ) بنووسە.

چالاکی /٥/:-نیشانەی ڕاست ( / )یان هەڵە ( + ) بە پێی گونجان لەژێر وێنەکاندا دابنێ .

زمانی کوردی                    پۆلی یەکەم                    بابەت :(دار)پیتی(ر)

وانەی :دووەم                    ڕۆژی:                    بەروار:

---

**ئاما نجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نوسینی پیتی(ر) لەوشەی(دار)**

**شێوازی دەربڕین:- گڤۆك ،گڕ ، پوکی .**

**هۆکانی فێرکردن: کۆمپیوتەر، داتاشۆو ،بۆرد ،داری ئاماژە ،کارتی وشەو بڕگەوپیتەکانی وشەی(دار) ، تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ،کارتی پیتە خوێندراوەکان .**

**وانەی ئەمڕۆمان دارە        لەبەر چاومان دیارە**

**لادێ وشاری کوردستان.        ڕازاوەن بەدارستان**



| دار | د ا ر | ر |
|---|---|---|

**پێشەکی: چەند قوتابییەك هەڵدەسێنم بۆ سەر بۆرد بۆ نوسینی پیتی (د)**

**خستنەڕووی وێنەی سەرەکی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم پاشان ئەم پرسیارانەیان ئاڕاستە دەکەم:**

- **ئەمە چییە؟**
- **سوودی چییە ؟**
- **چەندجۆر دارمان هەیە؟**
- **داری بەردار وەك چی ؟**
- **داری بێ بەر وەك چی ؟**

**هەنگاوی ١/:پاشان سوودەکانی (دار) یان بەخێرایی بۆ باس دەکەم هەر لە جوانی وڕازاندنەوە پاکژکردنەوەی هەواو ژینگەوبەرهەمی درەخت لە میوەوتەختەودار و خەڵوزو گەڵاوگوڵ وبەکارهێنانی لەبواری پیشەسازی دەرمان کەرەستکانی ماڵ لەدەرگاوکورسی قەنەفەو هتد ........وەچەندجارێك وشەی (دار) یان بو دەردەبڕم و پێیان دەڵێم دەنگی (ر) تێدایە.**

**هەنگاوی ٢/: وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد وچەند قوتابییەك هەڵدەسێنم ناوی وێنەکە بڵێت و ئەگەر دەنگی (ر) تێدا بوو بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکات وداوا دەکەم لەقوتابییان ئەوانیش لەپەرتوکەکانییان بازنەی ژێر ئەو وێنانە ڕەنگ بکەن کەدەنگی (ر) تێدایە وەتەنهایەك جۆر ڕەنگ بەکار بهێنن ولەبازنەکەش دەرنەچن .**

**هەنگاوی ٣ / جیاکردنەوەو(ڕووتەڵکردن)**

**پاش ئەوە وێنەی(دار) یان نیشان دەدەم وپرسیاییان لێدەکەم ئەمە چییە ؟ حەز دەکەن بزانن چۆن دەنوسرێت ؟ئەوجا وشەکەیان نیشان دەدەم وچەند جارێك بۆیان دەخوێنمەوە لەتەختەی گیرفان دایدەنێم، پاشان داوایان لێدەکەم سەیری دەستم بکەن بزانن چۆن وشەکەیان**

بۆ دەنوسم لەسەر بۆرد ولەسەر هێڵ پاشان دەست دەکەم بەجیاکردنەوەی برگەی (دا )لە پیتی( ر )وە پرسیار لەقوتابییان دەکەم سەبارەت بەبرگەی (دا ) پاشان خۆم پێیان دەڵێم ئەمەش شێوەی دەنگی پیتی (ر) یە وەچەند جارێك بۆیان دەخوێنمەوە ئەوجا هەمان کردار بۆ وشەکە لەسەربۆرد ئەنجام دەدەم و پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان یەك یەك پیتەکە دەربڕن دوای ئەوە دوا دەکەم لەقوتابییان سەیری دەستم بکەن بزانن چۆن پیتەکە دەنوسم لەسەر هێڵ لەبۆرد وە بەقوتابییان دەڵێم بۆردەکانتان دەربکەن و پیتی (ر) بنووسن .

<u>هەنگاوی ٤/ :</u> ناوی وێنەکان بڵێن پاشان خۆم وشەکەیان بۆ دەخوێنمەوە وەداوایان لێدەکەم ئەو وشەیەی پیتی (ر) تێدایە بیدۆزنەوە پاشان دەوری وشەکە بگرن .

<u>هەنگاوی ٥ /:</u> وشەکەیان بۆ دەخوێنمەوە وەداوایان لێ دەکەم ئەو وشەیەی پیتی (ر) تێدایە دەوری پیتەکە بگرە .

<u>هەنگاوی٦ / :</u> داوا دەکەم لەقوتابییان یەك یەك پیتی (ر) دەر بڕن .

<u>هەڵسەنگاندن</u> : داوا دەکەم لەقوتابییان وشەم بۆ بهێننەوە کە پیتی (ر) تێدا بێت .

**چالاکی/١/:-** تۆخیبکەوە ،بیخوێنەوە ،بینوسەوە .

**چالاکی/٢/:-**چالاکییەکەیان بۆ نمایش دەکەم ولەسەر بۆرد پاشان قوتابییان هەڵدەسێنم بۆ تۆخکردنەوەو نوسینی (٥،١) وەلە پەرتوکەکانیان بینوسنەوە .

**چالاکی/٣/ :-** پیتی (ر) بدۆزەرەوە و پاشان دەوری بگرە .

**چالاکی/٤/:-**ناوی وێنەکان بلێ و پاشان پیتی (ر) لەبۆشاییەکەدا بنووسە بۆ ئەوەی وشەکەتەواو بکرێت .

**چالاکی/٥/ :-** نیشانەی (/) یان (+ )لەژێرکردار ی شیاوداو،نەشیاودا دابنێ .

زمانی کوردی | پۆلی یەکەم | بابەت : (مۆز)پیتی(ز)

وانەی :سێیەم | ڕۆژی: | بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :**-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی(ز) لەوشەی(مۆز)

**شێوازی دەربڕین :** خشۆك، گڕ، پوکی ددان .

**هۆکانی فێرکردن :**- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگەو پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ،مۆز .

مۆز میوەیە بێگەردە | ناو سپی توێکڵی زەردە
بیخۆ تامی شیرینە | یەك پارچە ڤیتامینە



| مۆز. | مۆ ز | ز |
|---|---|---|

**پێشەکی/** پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی هەندێك وشە لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی(د،ە،ا،ر) تێدا بێت و، قوتابی کارتیٚ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/ :**-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش وبەم پرسیارانە دەست پیٚ دەکەم:

- سمۆرەکە چی بۆ هێناوین ؟
- ڕەنگی چۆنە؟
- تامی چۆنە؟
- مۆز بەری چ دارێکە؟
- پێویستە کە(مۆز) مان خوارد توێکڵەکەی چی لێبکەین؟ پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان هەر یەکێك سودێکی مۆزم پیٚ بڵێت ،وەباسی ئەوەیان بۆ دەکەم کە پێویستە میوە پێش خواردن جوان بشۆرێتەوە ،وەمیوە سوودێکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ تەندروستیمان بۆیە دەبێت ڕۆژانە میوە بخۆین چونکە لەشمان پێویستیەکی زۆری بە ڤیتامین هەیە بۆئەوەی لەنەخۆشی پارێزراو بین کەبەزۆری لەمیوەدا هەیە ،وە(مۆز) یش یەکێکە لەو میوانە ، پاشان (مۆز) یان نیشان دەدەم وپێیان دەڵێم (مۆز) دەنگی (ز) تێدایە وەچەند جارێك پیتەکەیان بۆ دەردەبڕم .

**هەنگاوی /٢/ :**-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی(ز ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد ئەوجا لە پەرتوکەکانیان .

**هەنگاوی/٣/ :**- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی (ز) وشەی (مۆز) بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پیٚ دەردەدەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پیٚ دەنوسم بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ وە لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا ، ە ) بۆیان بەکاردێنم .

**هەنگاوی /٤/ :**- ناوی وێنەکان بڵیٚ وئەو وشەیەیی پیتی (ز) تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/ :**- ئەو وشەیەی پیتی (ز) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

**هەنگاوی /٦/ :**- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەبەکاری بێنن لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا ، ە) وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە .

چالاکی/١/:-تۆخییکەوە ،بیخوێنەوە ،بینوسەوە.

چالاکی /٢/:- ئەم منداڵانە بەچ کارێکەوە سەرقاڵن .

چالاکی/٣/:- پیتی (ز) بدۆزەوە پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

چالاکی/٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وپیتی (ز) لەبۆشاییەکاندا بنوسە بۆ ئەوەی ببێت بەوشەیەکی تەواو .

چالاکی /٥/:-. پیتەکان لێکبدەو بیکە بەبڕگە پاشان بڕگەکان لێکدەو بیکە بە وشە .

چالاکی/٦/:- ئەو وشانەی خوارەوە بخوێنەوە پاشان بینووسەوە

زمانی كوردی | پۆلی یەكەم | بابەت :( چاو ) پیتی ( و )

وانەی :چوارەم | رۆژی: | بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین ونووسینی پیتی( و ) لەوشەی( چاو )**

**شێوازی دەربڕین:- نیمچە بزوێن ، گڕ ،لێوی .**

**هۆكانی فێركردن:- كومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، كتێب ،داری ئاماژە ،كارتی وشە وبڕگە پیتەكان ،تەختەی گیرفان ،ماجیكی ڕەنگاو ڕەنگ كارتی نوسینی پیتەكان .**

**من بەدوو چاوی جوانم تێرلەدونیا دەڕوانم**

**بۆ ئەم دیارییە جوانە سوپاسم بۆ یەزدانە**




| چاو | چا و | و |
|---|---|---|

**پێشەكی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەكان بەدانانی هەندێك وشە لەسەر بۆردەكەبەهەڵگەڕاوەیی كە پیتە خوێندراوەكانی( د،ا،ە،ر،ز ) تێدا بێت و، قوتابی كارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەكە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەكەیان بۆ نمایش دەكەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەكەم:**

- **كێ دەزانی هاوڕێكانمان چیمان نیشان دەدات؟**
- **ئەمە چاوی چییە؟**
- **سوودی چاو چییە؟**
- **ڕەنگی چاومان چۆنە؟**
- **چۆن چاومان دەپارێزین ؟**
- **چاو لەچەند بەش پێك دێت؟ سوودی هەر بەشەیان چییە؟**
- **چۆن ڕێز لەكەسێكی نابینا دەگرین ؟**

**وە باسی ( چاو ) یان بۆ دەكەم و چۆن دەبێ ئاگاداری چاومان ببین وچۆن ولەچی دوریەك سەیری تەلەفزیون وكۆمپیوتەر دەكەین وەچۆنیەتی خوێندنەوەی كتێب بەشێوەی ڕاست ودروست وەخۆپاراستن لەسەیركردنی ڕووناكی بەهێز بەبێ چاوێلكە،وەپێیان دەڵێم ( چاو ) دەنگی ( و ) تێدایە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەكانیان بۆ نمایش دەكەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەكەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( و ) تێدایە بازنەكەی ژێری ڕەنگ بكە لەسەر بۆرد دوایی لە پەرتوكەكانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاكردنەوەو ڕووتەڵكردن بۆ دەستكەوتنی پیتی ( و ) وشەی ( چاو ) بەكار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەكانیان پێ دەردەكەم وچەند جارێك پیتەكەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرەچاو كردنی نوسین لەسەر هێڵ وە لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ا ، ە ) بۆیان بەكاردێنم .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەكان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( و ) تێدیە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی ( و ) تێدایە پیتەكە بدۆزەوە و پاشان دەورپیتەكە بگرە .**

**هەنگاوی /٦/:- داوا دەكەم لەقوتابییان پیتەكە دەربڕن وەبەكاری بێنن لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ا ، ە )**

چالاکی/١/ :-تۆخیبکەروە ، بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/ :- ناوی وێنەکان بڵێ و پاشان پیتی ( و ) لەبۆشاییەکاندا بنوسە بۆ ئەوەی ببێت بەوشەیەکی تەواو .

چالاکی/٣/ :- پیتی ( و ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری بگرە .

چالاکی/٤/ :- باسی چۆنیەتی سوڕی ئاوییان بۆ دەکەم لەسروشتدا .

چالاکی /٥/ :-بڕگەکان بخوێنەوە و لێکیان بدەو بۆ ئەوەی ببێت بەوشە پاشان بینوسەوە .

چالاکی/٦/ :- شێوازی گفتو گۆ کردن بەشێوازی پرسیار وەڵام لەنێو قوتابییاندا .

چالاکی /٧/ :-ڕستەکە بخوێنەوە پاشان بینوسەوە .

زمانی کوردی　　　　　　پۆلی یەکەم　　　　　　بابەت : (مەڕ)پیتی(ڕ)

وانەی : پێنجەم　　　　　　ڕۆژی:　　　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی(ڕ) لەوشەی(مەڕ )**

**شێوازی دەربڕین:- هەژۆك، گڕ ، پوکی.**

**هۆکانی فێرکردن:- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگەو پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .**

**مەڕ وانەی ئەمڕۆمانە　　ئاژەڵێکی زۆر جوانە**

**بەسوودەو بێ زیانە　　خۆشەویستی هەموانە**




| مەڕ | مە ڕ | ڕ |
|---|---|---|

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بەپیتە خوێندراوەکان بەدانانی هەندێك وشە لەسەر بۆردەکەبەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی(د،ا،ە،ر،ز،و) تێدا بێت و، قوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **ئەمە وێنەی چییە؟**
- **لەشی مەڕ بەچی دا پۆشراوە؟**
- **مەڕچی دەخوات؟**
- **سوودی مەڕ چییە؟**

**پاشان خۆم زانیاری تریان دەدەمێ سەبارەت بە (مەڕ) لەگۆشت ،خوری ، شیر ، پێستەکەی کەدەکرێت بە جانتاو پێڵاو قایش و مەشکەو دەف تەپڵ دەهۆڵ پاشەڕۆکەشی سوودی لێ دەبینرێت بۆ ناوباخ و زەویە کشتوکاڵییەکان ، پاشان پێیان دەڵێم (مەڕ) دەنگی (ڕ) تێدایە وەچەند جارێك بۆیان دووبارەی دەکەمەوە هەروەها بۆیان ڕوون دەکەمەوە دەنگی ئەم جیاوازە لە پیتی (ر) ئەم قەڵەو ترە کاتێك دەری دەبڕین .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی(ڕ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی (ڕ) وشەی (مەڕ) بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ وە لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا ، ە ) بۆیان بەکاردێنم .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی (ڕ) تێدیە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی (ڕ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

**هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەبەکاری بێنن لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا ، ە)**

چالاکی/١/ :-تۆخییکەرەوە، بیخوێنەوە ،بینوسەوە .

چالاکی /٢/ :- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی ( ڕ ) لەبۆشاییەکاندا بنووسە بۆ ئەوەی ببێت بەوشەیەکی تەواو .

چالاکی/٣/ :- پیتی ( ڕ ) بدۆزەرەوەو پاشان دەوری بگرە .

چالاکی/٤/ :- چی بکەین بۆ پارێزگاری کردن لەددانەکانمان بۆ ئەوەی بەتەندروست بمیننەوەو زیانیان پێ نەگات هەر وەها نیشانەی ڕاست بدە لەوێنەی ڕفتاری شیاو ،هەڵە بدە لە ڕفتاری نەشیاو لەدوو وێنەکەدا .

چالاکی /٥/ :-شیتەڵکردنی وشە بۆ برگەو پیت ، پاشان بە پێچەوانەوە .

چالاکی/٦/ :- وشەکان بخوێنەرەوە پاشان بینوسەوە لە پەرتوکەکەدا .

زمانی کوردی | پۆلی یەکەم | بابەت :( دۆ )پیتی( ۆ )

وانەی : شەشەم | ڕۆژی: | بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ۆ ) لەوشەی ( دۆ ) دا .**

**شێوازی دەربڕین :- بەهۆی دوو لێو زمانەوە ددەرکێنرێ ،گڕە.**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ،دۆ .**




**وەرن گوێ بگرن ئەمڕۆ**
**بۆ زانینی پیتی( ۆ )**

**پیتان دەڵێم لەسەر خۆ**
**هەمووتان بنوسن دۆ**

| دۆ | د ۆ | ۆ |
|---|---|---|

**پێشەکی/ چەند قوتابییەك هەڵدەسێنم بۆ سەر بۆرد بۆ نوسینی چەند بڕگەو پیتێك لەو پیتانەی کە خوێندوومانە لەبابەتەکانی ڕابردوو .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم ( دۆ ) یان نیشان دەدەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **سمۆرەکە ئەمڕۆ چی بۆ هێناوین ؟**
- **( دۆ ) مان لەچی دەست دەکەوێ ؟**
- **ئەوانەی شیرمان لێیان دەست دەکەوێت کام ئاژەڵانەن ؟**
- **شیر چۆن دەبێت بەماست ؟**
- **مەشکە لەچی دروست دەکرێت ؟**
- **چی دەکەینە ناو مەشکەکە لەگەڵ ماستەکە تا بژنرێت ؟**
- **لەگەڵ دۆکەدا چی ترمان دەست دەکەوێ ؟**

**پاش ئەم گفتو گۆیانە باسی چۆنیەتی دروست کردنی ( دۆ ) ، پێیان دەڵێم وشەی ( دۆ ) دەنگی ( ۆ ) تێدایە وە چەند جارێك پیتەکەیان بۆ دەردەبڕم .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ناوی وێنەکان بڵێ و ئەو وێنەیەی دەنگی( ۆ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ۆ ) وشەی ( دۆ ) بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ وە پێیان دەڵێم پیتی ( ۆ ) بزوێنی ( ١ ، ٥ ) لەگەڵدا بەکار نایەت چونکە خۆی بزوێنە .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ۆ ) تێدایە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی ( ۆ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

**هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وە هەندێ وشەم بۆ بهێننەوە کە پیتی ( ۆ ) تێدا بێت .**

**چالاکی/١/:-تۆخبیکەرەوە،بیخوێنەوە، بینووسەوە .**

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی (ۆ)لەبۆشاییەکەدا بنووسەوە تابێت بەوشەیەکی تەواو .

چالاکی/٣/:- پیتی (ۆ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری بگرە .

چالاکی/٤/:- داوا دەکەم لەقوتابییان باسی چۆنیەتی دروست کردنی (دۆ) مان بۆ بکەن .

چالاکی /٥/:-بڕگەکان بخوێنەرەوە پاشان لێکیبدەو بیخوێنەوەو بینوسەرەوە .

چالاکی/٦/:- وشەکان بخوێنەرەوە پاشان بینوسەرەوە .

| زمانی کوردی | پۆلی یەکەم | بابەت :( نەی ) پیتی ( ی،یـ ) |
|---|---|---|
| وانەی : حەوتەم | ڕۆژی: | بەروار: |

ئاما نجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی(ی،یـ ) لەوشەی ( نەی ، دەریا )

شێوازی دەربڕین :- نیمچە بزوێن ،گڕ ،مەلاشوی ڕق.

هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .

سلاو ئەی سموڕەی جوان

تۆزێك نەی لێدە بۆمان

پیتی ( ی ) لێدەر بێنە

خێرا پێمان بخوێنە




| | | |
|---|---|---|
| نەی | نە . ی | ی |
| دەریا | دەر یـ ا | یـ |

پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەهەستاندنی چەند قوتابییەك بۆ سەر بۆرد بۆ نوسینی چەند برگەو پیتێك لەو پیتانەی لەبابەتەکانی ڕابردوودا خوێندوومانە .

<u>خستنەڕوو</u> /

<u>هەنگاوی /١/</u>:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:

- ئەم جارەسموڕەکەمان چی بۆ هێناوین ؟
- ئامێری نەی بۆ چی بەکاردێت ؟
- چۆن لێدەدرێت ؟

پاشان بەڤیدیۆ هەندێك دەنگی نەیان بۆ لێدەدەم و پاشان پێیان دەڵێم ( نەی ) دەنگی ( ی ) تێدایە وە چەند جارێك دەنگەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە .

<u>هەنگاوی /٢/</u>:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی(ی،یـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

<u>هەنگاوی/٣/</u>:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ی ) وشەی ( نەی ) بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد وەپێیان دەڵێم ئەمە(ی ) کۆتای چونکە دەکەوێتە کۆتای وشەکەوە ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرەچاو کردنی نوسن لەسەر هێڵ پاشان بۆ دەستکەوتنی (یـ ) سەرەتا وناو وشە ( ناوەڕاست ) وشەی ( دەریا ) بەهەمان شێوە وشەی ( نەی ) شیتەڵ دەکەم بۆ دەست کەوتنی ( یـ ) سەرەتاو ناو وشە وە لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ا ، ە ) بۆیان بەکاردێنم لەبۆردەکانیان پێیان دەنوسم .

<u>هەنگاوی /٤/</u>:- ناوی وێنەکان بلێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ی ،یـ ) تێدیە دەوری بگرە .

<u>هەنگاوی /٥/</u>:- ئەو وشەیەی پیتی ( ی ،یـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

<u>هەنگاوی /٦/</u>:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەبەکاری بێنن لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ا ، ە ) وەچەند وشەیەکم بۆ بهێننەوە بە نمونەکە پیتی ( ی، یـ ) تێدا بێت ئەگەر کرا بیشی نووسنەوە لەسەر بۆرد .

**چالاکی/١/ :-تۆخیبکەرەوە ، بیخوێنەوە ، بینووسەوە .**

**چالاکی /٢/ :- ناوی وێنەکان بڵێ وپاشان پیتی ( ی ، یـ ) لەبۆشاییەکاندا بنووسە بە پێی گونجانی شێوەی پیت کەبۆی بەکار دێنیت ئەوجا بیخوێنەوە .**

**چالاکی/٣/ :- پیتی ( ی، یـ ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری بگرە .**

**چالاکی/٤/ :- وشەکان بخوێنەوەو پاشان بڕگە بڕگەی بکە .**

**چالاکی /٥/ :- وشەکان بخوێنەرەوە پاشان بینوسەوە .**

زمانی کوردی | پۆلی یەکەم | بابەت :( ئاو ) پیتی( ئـ )

وانەی : هەشتەم | ڕۆژی: | بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ئـ ) لەوشەی( ئاو )دا**

**شێوازی دەربڕین :- .ژێی ، بنی قوڕگ .**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان و ئاو .**




چەند بێگەردە ئەو ئاوە | خودا بەئێمەی داوە

کاتێك گەیشتە دەسمان | بەفیڕۆی نەدەین کەس

| | | |
|---|---|---|
| ئا و | ئـــ او | ئـــ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی هەندێك وشە لەسەر بۆردەکەبەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی وانەکانی ڕابردووی تێدا بێت و، قوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**<u>خستنەڕوو</u> /**

**<u>هەنگاوی /١/:-</u>وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **سمۆرەکە چی بۆ هێناوین؟**
- **ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە دەبێت چۆن بێت ؟**
- **ئاو لەچیدا و چۆن بەکار دەهێنین لەژیانی ڕۆژانەدا ؟**

**پاشان ئاوی پەرداخەکەیان نیشان دەدەم وە پێیان دەڵێم ئەم ئاوە پاکەو شیاوە بۆ خوادنەوە چونکە بێ ڕەنگ بێ تام وبێ بۆنە وەپێویستە لەسەرمان ئاو بەفیڕۆ نەدەین و پاك وخاوێنی ڕاگرین ولە پیسبوون بیپارێزین چونکە ئاو سامانێکی نەتەوەیی یە ، پێیان دەڵێم وشەی ( ئاو ) دەنگی ( ئـ )تێدایە .**

**<u>هەنگاوی /٢/:-</u>وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ئـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**<u>هەنگاوی/٣/:-</u> جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ئـ ) وشەی ( ئاو ) بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ وە لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ١ ، ٥ ) بۆیان بەکاردێنم .**

**<u>هەنگاوی /٤/:-</u> ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ئـ ) تێدایە دەوری بگرە .**

**<u>هەنگاوی /٥/:-</u> ئەو وشەیەی پیتی ( ئـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

**<u>هەنگاوی /٦/:-</u> داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەبەکاری بێنن لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ١ ، ٥ ) وەچەند نموونەیەك بهێننەوە کە پیتی ( ئـ ) تێدا بێت .**

**چالاکی /١/:-تۆخیبکەرەوە، بیخوێنەوە، بینوسەوە .**

**چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( ئـ ) لەبۆشایەکەدا بنوسەوەو بیخوێنەوە.**

**چالاکی/٣/:- پیتی ( ئـ ) بدۆزەرەوەو پاشان دەوی بگرە .**

**چالاکی/٤/:- پیتەکان لێکبدە و بیکە بەبڕگەو پاشان بینوسەوەو بیخوێنەوە .**

**چالاکی /٥/:-وشەکان بخوێنەرەوە پاشان هەڵیوەشێنەوە بۆ بڕگە .**

**چالاکی/٦/:- دەقەکەی بەڤوتابیان دەخوێنمەوە پاشان داوایان لێ دەکەم دوو ڕستەکەی خواەوە بخوێننەوەو بینوسنەوە لە پەرتووکەکانیان .**

زمانی کوردی پۆلی یەکەم بابەت :نان پیتی (ن، نـ)

وانەی :نۆیەم رۆژی: بەروار:

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ن ) لەوشەی( نان )**

**شێوازی دەربڕین :- لووتی ،گڕ ، پووکی ددان .**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ، نان .**

خێرا چووم بۆ نانەوا نانم بۆ دایە هێنا

بەجوانی نۆرەی خۆم گرت نۆرە بڕم لەکەس نەکرد



| نان | نـ ا ن | نـ ، ن |
|---|---|---|

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی هەندێك وشە لەسەر بۆردەکەبەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی تێدا بێت و، قوتابی کارتێ هەلگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- سمۆرەکە ئەم جارە چی بۆ هێناوین ؟
- نان لەچی دروست دەکرێت ؟
- ئارد لەچی دروست دەکرێت ؟
- گەنم چۆن دەبێت بەئارد ؟
- گەنم لەچ وەرزێك دەچێندرێت ؟

**پاشان باسی نان وئارد وگەنمیان بۆ دەکەم و بەخێرایی وەنانیان پیشان دەدەم و ، وەپرسیاریان لێ دەکەم ئایە بێجگە لەنان چی تر لەئارد دروست دەکرێت؟وەهەر قوتابیەك پارچە نانێکی دەدەمێ تابیخوات پاشان پێیان دەڵێم وشەی (نان ) دەنگی (ن ) تێدایە ، وە چەند جارێك دەنگەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ن ،نـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو رووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی (ن،نـ) وشەی (نان) بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ وە لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا ،ە ) بۆیان بەکاردێنم پێشیان دەنوسم لەبۆرد .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بلێ وئەو وشەیەیی پیتی (ن ،نـ ) تێدیە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی (ن ، نـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

**هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەبەکاری بێنن لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا ،ە ) وەچەند وشەیەکم بە نموونەبۆ بهێننەوە کە پیتی (ن ،نـ )**

**چالاکی/١/ :-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .**

**چالاکی /٢/ :- ئەم منداڵانە چ کارێك دەکەن کارەکەیان بڵێ و پاشان پیتی ( ن ، نـ ) لەشوێنی گونجاودالەبۆشاییەکەدا بنوسە تا پێناسی کاری وێنەکە دەڵێ**

**چالاکی/٣/ :- پیتی ( ن،نـ ) بدۆزەرەوە پاشان ڕەنگی بکە .**

**چالاکی/٤/ :- وشەی ( ئەو ، ئەوان ) لەشوێنی ڕاست وگونجاودا بۆ هەر یەك لەم وێنانەی خوارەوە دابنێ .**

**چالاکی /٥/ :-بڕگەکان بخوێنەوە پاشان بڕگە گونجاوەکان بگەیەنە بەیەك تا وشەیەکی واتادارمان دەست کەوێت .**

**چالاکی/٦/ :- بڕگەو پیتەکان بخوێنەوەو پاشان لێکیان بدە ،تا وشەیەکی واتادارمان بداتی بیخوێنەوەو بینوسەوە .**

**چالاکی /٧/ :-وشەکان بخوێنەوە پاشان بینوسەرەوە ئەوجا وشەی ( ئاو،ئەو،ئەوان ) شیتەڵدەکەم بۆ پیتەکانی .**

زمانی کوردی پۆلی یەکەم بابەت :ڕۆژ( پیتی(ژ)

وانەی : دەیەم ڕۆژی: بەروار:

---

ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی(ژ) لەوشەی(ڕۆژ )

شێوازی دەربڕین:- خشۆك ،گڕ، مەلاشوی ڕق.

هۆکانی فێرکردن:- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان یەکی خۆر وزەوی و مانگ .

چەند خۆشە وەرزی هاوین. تیشکی خۆری زۆر بەتین

خۆی پەخش کات بەسەرما. بۆمان بهێنێت گەرما



| ڕۆژ | ڕۆ ژ | ژ |
|---|---|---|

پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی هەندێك وشە لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

خستنەڕوو /

هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:

- چی دەبینین لەگەڵ سمۆرەکە؟
- ڕۆژ چەند ناوی هەیە؟
- ڕۆژ سوودی چییە؟
- ڕۆژ لە چ وەرزێکدا گەرمە ؟
- سوودی ڕۆژ چییە بۆ ئێمە، گیانەوەر ، ڕووەك .

پاشان باسی (ڕۆژ) یان بۆ دەکەم وسوودەکانی بۆڕووەك ،گیانەوەران ، مرۆڤ وەپێیان دەڵێم ڕۆژ لەئێمەوە زۆر دوورە بۆیە بەبچوکی دەیبینین ئەگینا خۆی زۆر گەورەیە،گەرمی وڕوناکی و وزە دەبەخشێت بەهەر چی لەسەر زەوییە،وەزەوی بەدەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە بەماوەی ساڵێك چوار وەرزەکە دروست دەبێت وەزەوی بەدەور خۆشیدا دەسوڕێتەوە شەو ڕۆژ دروست دەبێت واتە دوو خولانەوەی هەیە ( ڕۆژ ) دەنگی (ژ) تێدایە وەچەند جارێك بۆیان دووبارە دەکەمەوە .

هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ژ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی (ژ) وشەی (ڕۆژ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ وە لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا ،ە ) بۆیان بەکاردێنم پێشیان دەنوسم لەبۆرد .

هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی (ژ ) تێدیە دەوری بگرە .

هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی (ژ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەبەکاری بێنن لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا ،ە) وەچەند وشەیەکم بە نموونەبۆ بهێننەوە کە پیتی (ژ)تێدا بێت .

چالاکی/١/:-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی(ژ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو دەبێت

چالاکی/٣/:- پیتی (ژ) بدۆزەرەوە پاشان ڕەنگی بکە .

چالاکی/٤/:- ببینەو بڵێ پاشان بابەتەکەیان لەسەر بۆرد بۆ دخوێنمەوەو بەقوتابییانی دەخوینمەوە وە رستەکە بەقوتابیان دەنوسمەوەلە پەرتووکەکانیان

| زمانی کوردی | پۆلی یەکەم | بابەت :( دێ ) پیتی( ێ ، ێِ ) |
|---|---|---|
| وانەی : یازدەهەم | ڕۆژی: | بەروار: |

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ێ ، ێِ ) لەوشەی( دێ ، ڕێوی )**

**شێوازی دەربڕین :-زمان و دوولێو ،گڕ .**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك ،کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .**




**کێ دێ بچین بۆلادێ** — **بۆسەیری باغ وترێ**

**هەرکەس لەوێیە ژیرە** — **شیر دەخوات لای دا پیرە**

| | | |
|---|---|---|
| دێ | د ێ | ێ |
| ڕێوی | ڕ ێِ وی | ێِ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بەپیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت ( ژن ،ژیر ،دژوار ، ژیار ،ژینۆ ،ڕژا ، ژان ،ڕاژان ،ژاراوە )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **چی لەم وێنەدا دەبینن ؟**
- **ئەمەکوێیە؟**
- **خانو دانیشتووانی ( دێ ) زۆرن یان ( شار )؟**
- **خەڵکی ( دێ ) بەچییەوە سەرقاڵن ؟**
- **ئاو هەوای ( دێ ) خۆشە یان ( شار ) ؟ وە بۆچی ؟ ؟**

**پاشان باسی( دێ ) یان بۆ دەکەم کەخانوی ( دێ ) لەبەردوو قوڕ دروست کراوە کەمن وەك شار زۆر نییە و شەقامەکانی خۆڵەو قیرنییە و بازاڕ ودوکانی تێدا نییە ،خەڵك بەکشتوکاڵ وئاژەڵداری و باخداری بەخێوکردنی مەڕو ماڵات وخزمەت کردنی پەلەوەرهەنگداریەوە سەرقاڵن .وەچەند جارێك وشەکەیان بۆ دەردەبڕم پاشن پێیان دەڵێم ( دێ ) دەنگی ( ێ ) تێدایە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ێ،ێِ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ێ ) وشەی ( دێ ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ێ ) کۆتایی ،وە بۆ پیتی ( ێِ ) ناو وشە،وشەی ( ڕێوی ) بەکار دێنم بەهەمان ڕێگە وشێواز وەپێیان دەڵێم پیتی( ێِ ) هەرگیز ناکەوێتە سەرەتاوەو ، هەروەها بزوێنی ( ا،ە ) ناچێتە سەر چونکە پیتی( ێ،ێِ ) بۆ خۆی بزوێنە وەزۆر جەخت لەسەر ئەمە دەکەم بۆ قوتابییان پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد .**

**هەنگاوی /٤/:-** ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی (یٚ، ێ)کۆتاو ناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/:-** ئەو وشەیەی پیتی (یٚ ،ێ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

**هەنگاوی /٦/:-** داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەبەکاری بێنن لەگەڵ پیتە خوێندراوەکان وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی (یٚ، ێ) تێدا بێت .

**چالاکی/١/:-**تۆخیبکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

**چالاکی /٢/:-** ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی(یٚ، ێ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو دەبێت ، پاشان بیخوێنەوە .

**چالاکی/٣/:-** پیتی (یٚ ،ێ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری بگرە .

**چالاکی/٤/:-** بڕگەکان بخوێنەوە ولێکیان بدە بۆ ئەوەی ببێت بەوشە و بینووسە وپاشان وشەکە بخوێنەوە .

**چالاکی /٥/:-**وشەکان بخوێنەوە پاشان بڕگە بڕگەی بکەو پاشان هەڵیوەشێنە بۆ پیت .

**چالاکی /٦/:-**دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابیان پاشان پێیان دەخوێنمەوە .ئەوجا ڕستەکەیان پێدخوێنمەوە ولە پەرتوکەکانیان پێیان دەنوسمەوە .

زمانی کوردی　　　　　　　　　　پۆلی یەکەم　　　　　　　　　　بابەت :( کەباب ) پیتی( ب، بـ )

وانەی : دوانزەهەم　　　　　　　　　　ڕۆژی:　　　　　　　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ب، بـ ) لەوشەی ( کەباب )**

**شێوازی دەربڕین :-گیر ،گڕ ،لێوی.**

**هۆکانی فێرکردن :- کۆمپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ، کەباب .**



**بریسیمە دایە وبابە　　　　　زۆر حەزم لەکەبابە**

**ئەمڕۆ سمۆرەکەمان　　　　　هێنای بۆ پۆلەکەمان**

| کەباب | کە بـ ا ب | ب بـ |
|---|---|---|

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت ( زێر ،ئێرە ، ڕێژاو، دریژ ، دوێنێ ،زێوەر ، نازێ )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **ئەم جارە سمۆرەکەمان چی بۆ هێناوین ؟**
- **کەباب لەچی دروست دەکرێت ؟**
- **کێ ئارەزووی لەخواردنی کەبابە ؟**
- **کەباب لەکوێ دروست دەکرێت ؟**

**پاش ئەوە باسی خواردن وگرنگی پاك ڕاگرتنی خواردنیان بۆ دەکەم کەهۆکاری سەرکیبە بۆ بەرگری لەش وپاراستنمان لەتوشبوون بەنەخۆشی ، پاش ئەوە وشەی کەبابیان چەند جارێك بۆ دەردەبڕم بەشێوەیەك کە دەنگی پیتە نوێکە دیار بێت ، وەپێیان دەڵێم وشەی ( کەباب ) دەنگی ( ب ) تێدایە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ب ،بـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ب ، بـ ) وشەی ( کەباب ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ب ) کۆتایی ،وە ئەمەش پیتی ( بـ ) سەرەتاو ناو وشەیە پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد وە بزوێنی ( ا ، ە ) لەگەڵدا بەکار بهێنن بەدەربڕین ونووسین .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ب ،بـ ) کۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی ( ب ،بـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

**هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وبەکاری بێنن لەگەڵ ( ا ،ە ) وەچەند وشەیەکم بە نموونەبۆ بهێننەوە کە پیتی ( ب ، بـ ) تێدا بێت .**

**چالاکی/١/:-تۆخیبکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .**

چالاکی /٢/ :-     ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( ب ،بـ ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو دەبێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/ :- پیتی ( ب ،بـ ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری بگرە .

چالاکی/٤/ :- پیت و برگەکان بخوێنەوە ولێکیان بدە بۆ ئەوەی ببێت بەوشە و بینووسە و پاشان وشەکە بخوێنەوە .

چالاکی /٥/ :-دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابیان پاشان پێیان دەخوێنمەوە .ئەوجا رووشەکانیان پیٚ دخوینمەوە ولە پەرتوکەکانیان پێیان دەنوسمەوە .

زمانی کوردی پۆلی یەکەم بابەت :(ڕێواس)پیتی(س،سـ)

وانەی : سیانزەهەم ڕۆژی: بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی(س،سـ ) لەوشەی (ڕێواس، سێو )**

**شێوازی دەربڕین :-خشۆك ،کپ ، پووکی ددان .**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆو ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .**



**ڕێواس میوەی بەردارە سەوزە وەکو خەیارە**

| وشەی ڕێواس دەخوێنم | | پیتی (س) لێ دەردێنم |
|---|---|---|
| ڕێواس | ڕ ێ و ا س | س |
| سێو | سـ ێ و | سـ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت (باز ، بەرد ، باوان ،بنار ،بینەر ، نایاب ،ڕێبەر )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **ئەم جارە سمۆرەکەمان چی بۆ هێناوین ؟**
- **ڕێواس چییە ؟ کێ ڕێواسی بینیوە؟**
- **ئەی کێ ڕێواسی خواردووە ؟**
- **تامی ڕێواس چۆنە ؟**
- **کەی پێ دەگات ؟**

**پاش ئەوە باسی ڕێواسیان بۆ دەکەم کە لەبەهاردا لەناوچە کوێستان و ساردەکانی کوردستان لەشاخ وقەد پاڵی چیاکاندا دەڕوێت و پێ دەگات خەڵکی دەڕۆن بۆ هێنانی ڕێواس لەگەڵ کنگر و گونۆڕ هەندێ گژو گیای بەهاری کەدا .ئەوجا پێیان دەڵێم (ڕێواس ) دەنگی (س) تێدایە وە چەند جارێك پیتەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( س ، سـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو رووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی (س ، سـ ) وشەی (ڕێواس ، سێو ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پیی دەوترێت (س) کۆتایی ،وە ئەمەش پیتی (سـ سەرەتاو ناو وشە، پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد وە بزوێنی (ا ە ) لەگەڵدا بەکار بهێنن بەدەربڕین ونووسین .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی (س ، سـ ) کۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .**

هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی (س ، سـ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەرببڕن وەبەکاری بێنن لەگەڵ (ا ،ە) وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی (س ، سـ) تێدا بێت .

١چالاکی/١/:-تۆخیبکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی(س ،سـ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو دەبێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/:- پیتی (س ، سـ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری بگرە .

چالاکی/٤/:-ناوی وێنەکە بڵێ و پاشان لەبۆشاییەکەدا بینووسە وبیخوێنەوە .

چالاکی /٥/:- وشەکان بخوێنەوەو پاشان برگە برگەی بکە و شیکەرەوە بۆ پیتەکانی بینووسەوە .

چالاکی /٦/:-ڕستەکان بخوێنەوە پاشان بینووسەوە لەتێنووسەکە

زمانی کوردی | پۆلی یەکەم | بابەت :( بەڕوو ) پیتی( وو )

وانەی :چواردەهەم | ڕۆژی: | بەروار:

---

ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( وو ) لەوشەی ( بەڕوو )

شێوازی دەربڕین :- نیمچە بزوێن ،گڕ ،لێوی .

هۆکانی فێرکردن :- کۆمپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ،بەڕوو .



ئەمڕۆ سمۆرەکەمان بەڕووی هێناوە بۆمان

دەڵێ بیخۆن منداڵان سوودی هەیە بۆ هەمووان

| بەڕوو | بەڕ وو | وو |
|---|---|---|

پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانە لەکارت ( ساوەر ، سنە ، سایە ، سینی ، سۆزان ، سێبەر ،سوارە ، سنۆبەر )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

خستنەڕوو /

هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:

- ئەم جارە سمۆرەکەمان چی بۆ هێناوین ؟
- بەری چ دارێکە؟
- لەکوێ هەیە ؟
- تامی چۆنە ؟ وە چۆن دەخورێت وکێ خواردوویەتی؟
- کەی پێ دەگات ؟

پاش ئەوە باسی بەڕوویان بۆ دەکەم کە لەکۆتایی پایزدا پێدەگات بەڕوو لەزۆربەی کوردستاندا هەیەداری بەڕوو تەمەن زۆر دەکات وزۆر گەورە دەبێت ڕەنگی بەڕوو سەوزە تا پێدەگات کە پێ گەشت ڕەنگی دەگۆڕێت بۆ قاوەی لەدارەکە دەبێتەوەو دەوەرێتە بنی خەڵکی دەچن کۆی دەکەنەوەو لەناو ئاگر دەیبرژێنن دەیخۆن زۆر بەتامە وە بەڕوویان نیشان دەدەم . ئەوجا پێیان دەڵێم ( بەڕوو ) دەنگی ( وو ) تێدایە وە چەند جارێك پیتەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە پێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( وو ) درێژ چونکە دەنگی زیاتردرێژە .

هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( وو ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( وو ) وشەی ( بەڕوو ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( وو ) درێژ ،وە پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد .

هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( وو ) تێدایە دەوری بگرە .

هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی ( وو ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونەبۆ بهێننەوە کە پیتی ( وو ) تێدا بێت .

١چالاکی/١/:-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( وو ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/:- پیتی ( وو ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری بگرە .

چالاکی/٤/:-بڕگەکان لێکبدە وبیکە بەوشە و پاشان بیخوێنەرەوە.

چالاکی /٥/:- وشەکان بخوێنەوەو پاشان شیکەرەوە بۆ پیتەکانی بینووسەوە .

چالاکی /٦/:-دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بابەتەکە بەقوتابیان دەخوێنەمەوە ئەوجا وشەکان بخوێننەوەو ڕێکیبخەن وبیکەنە ڕستەو بینوسنەوە

زمانی کوردی پۆلی یەکەم بابەت :(دەم )پیتی(م،مـ )

وانەی : پانزەهەم رۆژی: بەروار:

---

ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( م ،مـ ) لەوشەی ( بەڕوو،مێو )

شێوازی دەربڕین:-لووتی ،گڕ ،لێوی .

هۆکانی فێرکردن:- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگەو پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .

دەمی جوان و نەخشیوم کەیەزدان پێی بەخشیوم

وتەی جوان بەکاردێنم هەتا کەس نەڕەنجێنم



| | | |
|---|---|---|
| دەم | ده م | م |
| مێو | مـ یـ و | مـ |

پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت ( دوور، دەزوو ،ژوور، دەروون ،ژووان ،سنوور ،دووەم )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

خستنەڕوو /

هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:

- چی دەبینین لەم وێنەیەدا ؟
- چی لەناو ( دەم ) دا هەیە؟
- چۆن پاك وخاوێنی ناو ( دەم ) وددانەکانمان ڕادەگرین ؟
- چۆن پارێزگاری لەکلۆر بوونی ددانەکانمان دەکەین ؟
- چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی ددانەکانمان تووشی ئازار بن ؟

پاشان باسی پاك وخاوێنی دەم وددانەکانمان چۆنیەتی شۆردنی ددانەکانمان لەچ کاتێك شێوازی ڕاست ودروست لەشۆردنی ددانەکانمان بۆ ئەوەی دووربێت لەنەخۆشی وڕەشبوون وکلۆر بوون وهەڵوەرین ئەوجا پێیان دەڵێم وشەی ( دەم ) دەنگی ( م ) تێدایە وچەند جارێك دەنگەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە.

هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( م، مـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( م ) وشەی ( دەم ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( م ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( مـ ) وشەی ( مێو )بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی ( دەم )پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرهە□ڕوەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ٥،١ ) .

هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( م ،مـ ) کۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی ( م، مـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونەبۆ بهێننەوە کە پیتی (م، مـ) تێدا بێت .

١چالاکی/١/:-تۆخیبکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی(م، مـ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/:- پیتی (م.مـ) بدۆزەرەوە پاشان خانەی پیتەکە ڕەنگ بکە .

چالاکی/٤/:-وشەکان بخوێنەرەوە پاشان پیتەکانی جیا کەرەوەو بینووسەوە .

چالاکی /٥/:- پرسیار دەکەم بەشێوازی گفتوگۆ سەبارەت بەو هێمایانە لەکوێ بینویەتی ، بۆ چی بەکار دێن، سوودیان چییە؟

چالاکی /٦/:-دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بابەتەکە بەقوتابیان دەخوێنەمەوە ئەوجا ئەو دوو ڕستە بخوێنەوەو بینوسنەوە .

زمانی کوردی　　　　پۆلی یەکەم　　　　بابەت :( پەت )پیتی( ت،تـ )

وانەی :شانزەهەم　　　　ڕۆژی:　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ت،تـ ) لەوشەی ( پەت،ترێ )**

**شێوازی دەربڕین :- گیر،کپ،ددانی.**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ، پەت.**

پەتپەتێن خە تخەتێن　　　　دوو یاری خۆش و بەجێی

پەری وەرە من و تۆ یاری　　　　یاری بکەین لەسەر خۆ




| | | |
|---|---|---|
| پەت | پـ ە ت | ت |
| ترێ | تـ ر ێ | تـ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانە لەکارت (مێروو ، زمان ،مەڕ ، مێژوو ، ماس ، مۆرد ، ئارام )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **چی دەبینین لەم وێنەیەدا ؟**
- **سمۆرەکە چی دەکات ؟**
- **ئایە وەرزش کردن سوودی هەیە؟**
- **کێ حەزی لە پەتپەتێن هەیە؟**

**پاشان بەخێرایی باسی وەرزشیان بۆ دەکەم وپەتیان نیشان دەدەم پێیان دەڵێم وشەی ( پەت ) دەنگی ( ت ) تێدایە ، وچەند جارێك وشەو پیتەکەیان چەند جارێك بۆ دەردەبڕم و ، وەداوا دەکەم لەقوتابیانیش وشەکە و پیتەکە دەربڕن .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ت، تـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ،بۆ دەستکەوتنی پیتی (ت) وشەی ( پەت ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ت ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( تـ ) وشەی (ترێ) بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی ( پەت )پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا،ە) .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بلێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ت ،تـ ) کۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدیە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی ( ت، تـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( ت، تـ ) تێدا بێت .

**چالاکی/١/:-**تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

**چالاکی /٢/:-** ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( ت، تـ ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

**چالاکی/٣/:-** پیتی ( ت.تـ ) بدۆزەرەوە پاشان خانەی پیتەکە ڕەنگ بکە .

**چالاکی/٤/:-**وشەکان بخوێنەرەوە پاشان هەڵیوەشێنەوە بۆ بڕگە ، پیت و بینووسەوە وبیخوێنەوە پاشان بە پێچەوانەوە.

**چالاکی /٥/:-**بڕگەکان لێکبدەو بینوسەوەو بیخوێنەوەو .

**چالاکی /٦/:-**دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بابەتەکە بەقوتابیان دەخوێنەمەوە ئەوجا ئەو دوو ڕستە بخوێنەوەو بینوسنەوە .

زمانی کوردی　　　　پۆلی یەکەم　　　　بابەت :( بووک ) پیتی( ك،ک )

وانەی :حەڤدەهەم　　　　ڕۆژی:　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :**-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ك،ک ) لەوشەی ( بووك،کەو )

**شێوازی دەربڕین :**- گیر ،کپ،مەلاشوی نەرم.

**هۆکانی فێرکردن :**- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ،بووك.

بووکی جوان و ڕازاوە　　　　بۆ ئاهەنگ خۆی سازداوە

پیرۆز بای لێدەکەم　　　　دیاری جوانی بۆ دەبەم




| | | |
|---|---|---|
| بووک | بـ　وو　ك | ك |
| کەو | ک　ە　و | ک |

**پێشەکی/** پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانە لەکارت ( تەم ، تار ، تازە ، دەست ، توانا ،تیر ،تەماتە ، ترۆزی )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

<u>**ختستنەڕوو /**</u>

<u>**هەنگاوی /١/:**</u>-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:

- سمۆرەکە چی بۆ هێناوین ؟
- کێ بووکی هەیە؟
- بووک لەچی دروست ؟

پاشان بەخێرایی باسی بووکیان بۆدەکەم وبووکیان نیشان دەدەم و پێیان دەڵێم ( بووک ) دەنگی ( ك ) تێدایە وەچەند جارێك وشەو پیتەکەیان بۆ دەردەبڕم

<u>**هەنگاوی /٢/:**</u>-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ك، ک ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

<u>**هەنگاوی/٣/:**</u>- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ك ) وشەی ( بووک ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ك ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( ک ) وشەی ( کەو ) بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی ( بووک )پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ٥،١ ) .

<u>**هەنگاوی /٤/:**</u>- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ك، ک ) کۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

<u>**هەنگاوی /٥/:**</u>- ئەو وشەیەی پیتی ( ك، ک ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

<u>**هەنگاوی /٦/:**</u>- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( ك، ک ) تێدا بێت .

١چالاکی/١/:-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/ :-    ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( ك، کـ ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/ :- پیتی ( ك.کـ ) بدۆزەرەوە پاشان خانەی پیتەکە ڕەنگ بکە .

چالاکی/٤/ :-ئەم وشە ناتەواوانە ،تەواو بکە بەزیاد کردنی پیتی ( ك ) و بینووسەوە وبیخوێنەوە. پاشان بڕگەکان لێکبدەو وشەی لێ دروست بکەو بینوسەوەو بیخوێنەوەو .

چالاکی /٥/ :-دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بابەتەکە بەقوتابیان دەخوێنەمەوە ئەوجا وشەکانی ئەو دوو ڕستە بخوێنەوەو ڕێکیبخەو بینوسنەوە .

زمانی کوردی　　　　　　　　پۆلی یەکەم　　　　　　　　بابەت :( تیمساح ) پیتی( ح ،حـ )

وانەی :هەژدەهەم　　　　　　　　ڕۆژی:　　　　　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-** ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ح ،حـ ) لەوشەی ( تیمساح، حەوز)

**شێوازی دەربڕین:-** خشۆك،کپ ،قورگی.

**هۆکانی فێرکردن:-** کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ و کارتی نوسینی پیتەکان .




وانەی ئەمڕۆ تیمساحە　　　خشۆکەو زەبەلاحە

ڕەنگ سەوزەو دانی تیژە　　　کەدیتم کەوتمە ڤیژە

| | | |
|---|---|---|
| تیمساح | تـ یـ مـ سـ ا ح | ح |
| حەوز | حـ ە و ز | حـ |

**پێشەکی/** پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت ( کار ،سەکۆ ،نۆك ، تورك ،کاسە ،کۆیە ، کوردۆ ،تەنەکە ، کەیوان )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-** وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:

- سمۆرەکە چی لەگەڵە ؟
- تیمساح لەکوێ دەژی ،ڕەنگی چۆنە ؟
- تیمساح چی دەخوات ؟
- تیمساح چەند قاچی هەیە ؟
- تیمساح بەچکە دەکات یان هێلکە دەکات ؟

پاشان بەخێرایی باسی ( تیمساح ) یان بۆدەکەم پاشان ڤیدۆیەکیان بۆ لێدەدەم کە تیمساحیان نیشان دەدەم وەپێیان دەڵێم دەبێت ئەوە بزانین کە( تیمساح ) گیاندارێکی مەترسیدارە ، وەدەڵێم ( تیمساح ) دەنگی ( ح ) تێدایە وەچەند جارێك وشەو پیتەکەیان بۆ دەردەبڕم.

**هەنگاوی /٢/:-** وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی ( ح، حـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

**هەنگاوی/٣/:-** جیاکردنەوەو رووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ح ) وشەی ( تیمساح ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ح ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( حـ ) وشەی ( حەوز ) بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی ( تیمساح )پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ە،ا ) .

**هەنگاوی /٤/:-** ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ح، حـ ) کۆتاو سەرەتا و ناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/:-** ئەو وشەیەی پیتی ( ح، حـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( ح، حـ ) تێدا بێت .

١چالاکی/١/:-تۆخیبکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( ح، حـ ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/:- پیتی ( ح.حـ ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

چالاکی/٤/:-بۆشایی ئەم وشە ناتەواوانە بەبڕگەی دروستی ( دە ،نا ) پڕ بکەرەوە لەگەڵ گونجاوی وینەکەدا .

چالاکی /٥/:-دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بابەتەکە بەقوتابیان دەخوێنەمەوە ،ئەوجا دووجار ئەو ڕستە بخوێنەوەو بینوسنەوە .

زمانی کوردی　　　　پۆلی یەکەم　　　　بابەت :( ئاش ) پیتی( ش، شـ )

وانەی :نۆزدەهەم　　　　ڕۆژی:　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ش، شـ ) لەوشەی ( ئاش، شیر )**

**شێوازی دەربڕین :- خشۆك، کپ ، مەلاشوی ڕەق.**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ، داتاشۆ ، بۆرد ، ماجیك، کتێب ، داری ئاماژە ، کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ، تەختەی گیرفان ، ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .**

گەنمی جووتیاری ئازا　　　　کۆمان کردەوە خێرا

بردمان لەئاش هاڕیمان　　　　ئاردەکەمان کرد بەنان




| | | |
|---|---|---|
| ئاش | ئـ　ا　ش | ش |
| شیر | شـ　یـ　ر | شـ |

**پێشەکی/** پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانە لەکارت ( نوح ، ڕێحان ، محەمەد ، حەمرین ، حەیران ، حەوز ، حۆری ، حوت )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/ :-** وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:

- ئەمە وێنەی چییە ؟
- سمۆرەکە چی پێیە ؟
- ئاردمان لەکوێ دەست دەکەوێ ؟
- گەنم چۆن دەبێت بەئارد ؟
- چەند جۆر ئاشمان هەیە ؟
- ئاش بەچی کار دەکات ؟

پاشان بەخێرایی باسی ( ئاش ) یان بۆدەکەم وەسێ جۆر ( ئاش ) مان هەیە ئاشی ( ئاو ، هەوا ، کارەبا ) وەهەرسێکیان بەکار دێت بۆ گەنم هاڕین وهەر وەها بروێش وساوەریشی پێدەکرێت ، وەگەنم لەئاش دەهاڕین و دەبێت بەئارد ، وەئاردیش ئاو وخوێی تێدەکەین دەیشێلین ودەبێت بەهەویر هەویریش دەکەین بەگونك و گونکیش لەسەر دەرخۆنە پان دەکەینەوە پاشان لەسەر ساج دەیبرژێنین دەبێت بەنان ووێنەی ( ئاش ) یان نیشان دەدەم . پاشان پێیان دەڵێم وشەی ( ئاش ) دەنگی ( ش ) تێدایە وچەند جارێك بۆیان دووبارە دەکەمەوە .

**هەنگاوی /٢/ :-** وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ش، شـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

**هەنگاوی/٣/ :-** جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ش ) وشەی ( ئاش ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ش ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( شـ ) وشەی ( شیر ) بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی ( ئاش )پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەرچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ە، ا ) .

**هەنگاوی /٤/:-** ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی (ش، شـ) کۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/:-** ئەو وشەیەی پیتی (ش، شـ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

**هەنگاوی /٦/:-** داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی (ش، شـ) تێدا بێت .

**چالاکی/١/:-**تۆخیبکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

**چالاکی /٢/:-** ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( ش، شـ ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

**چالاکی/٣/:-** پیتی ( ش.شـ ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

**چالاکی/٤/:-**وشە لەو برگەو پیتانە دروست بکەو بینوسەوەو پاشان بیخوێنەوە ،ئەوجا بڕگەکان بخە پاڵ یەك وشەیەکی واتاداری لێدروست بکەو بینوسەوەو بیخوێەوە .

**چالاکی /٥/:-**دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بابەتەکە بەقوتابیان دەخوێنەمەوە ،ئەوجا دووجار ئەو وشانەی خوارەوە بخوێنەوەو بینوسنەوە .

| بابەت :( تۆپ ) پیتی( پ، پـ ) | پۆلی یەکەم | زمانی کوردی |
|---|---|---|
| بەروار: | ڕۆژی: | وانەی :بیستەم |

**ئامانجی تایبەتی** :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( پ، پـ ) لەوشەی ( تۆپ، سپی )

**شێوازی دەربڕین**:- وەستاو، لێوی ،کپ .

**هۆکانی فێرکردن**:- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ وکارتی نوسینی پیتەکان ،چەند جۆرێکی تۆپ .

وەرزش وانەیە جوانە هەستە وراکەو بیزانە




| تۆپێك من وتۆپێك تۆ | | یاری بکەین لەسەر خۆ |
|---|---|---|
| تۆپ | تـ ۆ پ | پ |
| سپی | سـ پـ ی | پـ |

**پێشەکی**/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت (شار ، شەو ، ڕەش ، شێر ، شووتی ، شێوە ، ڕۆژباش ، شیر ، بنێشت ،ڕیش )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

**خستنەروو /**

**هەنگاوی /١/**:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:

- سمۆرەکە چی پێیە ؟
- چەند جۆر تۆپمان هەیە ؟
- ئایە قەبارەی و ڕەنگی تۆپەکانی یاری وەك یەکن ؟
- تۆ حەزت لەچی یاریەکە ؟

پاشان (تۆپ) یان نیشان دەدەم وەپێیان دەڵێم کەیارییەکان زۆربەیان بەتۆپ دەکرێن هەریارییەکیش تۆپی تایبەتی خۆی هەیە وەرزش گرنگیەکی تایبەتی هەیە سالأنە پاڵەوانیەتی دەکرێتەوە لەولأتانی جیهان بەتایبەتی یاری تۆپی پێ کرنکییەکی زۆری پێ دراوەوە هەر چوار ساڵی جارێك پاڵەوانێتی جامی جیهانی تۆپی پێ دەکرێت لەسەر ئاستی جیهان . پاشان پێیان دەڵێم وشەی ( تۆپ ) دەنگی ( پ ) تێدایە وەچەند جارێك بۆیان دووبارە دەکەمەوە .

**هەنگاوی /٢/**:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( پ، پـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

**هەنگاوی/٣/**:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( پ ) وشەی ( تۆپ ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( پ ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( پـ ) وشەی ( سپی ) بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی (تۆپ)پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (٥،١) .

**هەنگاوی /٤/**:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( پ، پـ ) کۆتاو سەرەتاو ناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/**:- ئەو وشەیەی پیتی ( پ، پـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

**هەنگاوی /٦/ :- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( پ، پـ ) تێدا بێت .**

**چالاکی/١/ :-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .**

**چالاکی /٢/ :- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( پ، پـ ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .**

**چالاکی/٣/ :- پیتی ( پ ، پـ ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

**چالاکی/٤/ :-وشەکان هەڵوەشێنەوە بۆ برگەو پاشان برگەکان بکە بە پیت ، پیتەکان لێکبدەو وشەی لێ دروست بکەو بینوسەو بیخوێنەوە .**

**چالاکی /٥/ :-وشەکان بخوێنەرەوە پاشان لە بۆشایی گونجاوی ژێر وێنەکاندا بینوسەوە .**

**چالاکی /٦/ :- دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بابەتەکە بەقوتابیان دەخوێنەمەوە ،ئەوجا دووجار ئەو ڕستەی خوارەوە بخوێنەوەو بینوسنەوە .**

زمانی کوردی　　　　　　　　پۆلی یەکەم　　　　　　　　بابەت :(سەگ)پیتی(گ،گ)

وانەی :بیست و یەک　　　　　　　　ڕۆژی:　　　　　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی(گ،گ) لەوشەی (سەگ،گەنم)**

**شێوازی دەربڕین:- وەستاو،نەرمە مەلاشو ،گڕ .**

**هۆکانی فێرکردن:- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ وکارتی نوسینی پیتەکان .**

**ئەو سەگە بەوەفایە　　　　پاسەوانی دەرگایە**

**زۆر حەزی لەئێسقانە　　　　ئەمڕۆ لامان میوانە**




| | | |
|---|---|---|
| سەگ | سـ ە گ | گ |
| گەنم | گـ ە نـ م | گـ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت ( پارە ، پوری ، پاکەت ، پەنیر ، پشوو ،سۆپەر ،ئەسپ ،گروپ ، پروشە )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **سمۆرەکە چی لەگەڵدایە ؟**
- **سەگ چی دەخوات ؟**
- **کێ سەگی بینیوە ؟**
- **سەگ بەچی شتێك بەناوبانگە؟**

**پاشان بەخێرایی باسی (سەگ) یان بۆ دەکەم کەیەکێکە لەو گیانەوەرە ماڵیانەی کە زۆر هۆگری مرۆڤەو هەر لەکۆنەوە لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە وەبەخو ڕوشتی ئەمەکداری (وەفا) بەناو بانگە و وەخاوەنی چەندین بەسەر هاتوو داستانی سەر سوڕ هێنەرە لەژیانی مرۆڤدا ،مرۆڤ بۆ پاسکردنی مەڕو ماڵات ، پەلەوەر ،کێڵگە، ڕاو بەکاری هێناوەو گوێڕایەڵێکی تەواوی خاوەنەکەی بووە وەزۆر جار ژیانی خۆی کردووەتە قوربانی بۆ مرۆڤ ،ئەو گیانەوەرەش (سەگ)ە ، وە دەنگی (گ) تێدایە وەچەند جارێك بۆیان دووبارە دەکەمەوە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( گ، گ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی (گ) وشەی (سەگ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت (گ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی (گـ) وشەی (گەنم) بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی (سەگ)پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ە،ا) .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بلێ وئەو وشەیەی پیتی (گ، گ) کۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .**

هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی (گ، گـ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی (گ، گـ) تێدا بێت .

چالاکی/١/:-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی(گ، گـ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/:- پیتی (گ ، گـ) بدۆزەرەوە پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

چالاکی/٤/:-وشەکان بخوێنەرەوە و ،هەڵوەشێنەوە بۆ بڕگەو پاشان بینوسەو بیخوێنەوە .

چالاکی /٥/:-وشەکان بخوێنەرەوە پاشان هەڵیوەشێنەرەوە بۆ پیتەکانی و بینوسەوە وبیخوێنەوە .

چالاکی /٦/:- دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بەقوتابیانی دەخوێنەمەوە ،ئەوجا بەشێوازی گفتوگۆ پرسیارەکانیان ئاڕاستە دەکەم وەڵامەکانیان پێ دەنوسمەوە .

چالاکی/٧/:- ڕستەکە بەقوتابیان دەخوێنمەوە ، وەوێنەکە بکەن بەنوسین و پاشان بینوسنەوەو بیخوێننەوە .

زمانی کوردی پۆلی یەکەم بابەت :( کەف ) پیتی( ف،ف )

وانەی :بیست و دوو رۆژی: بەروار:

---

ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ف،ف ) لەوشەی ( کەف،فڕۆکە )

شێوازی دەربڕین :- خشۆك، لێوی ددان ،کپ .

هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە وپیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ وکارتی نوسینی پیتەکان ،کەف .




ئەمرۆ دەچم بۆ گەرماو
بەکەف مسابون وئاو
خۆم جەشۆم بەئاسانی
تا دەرکەوم بەجوانی

| | | |
|---|---|---|
| کەف | کـ ە ف | ف |
| فڕۆکە | فـ ڕ ۆ کـ ە | فـ |

پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت (ڕەگ ، گارە ، گیا ، گەزۆ ، ئاگر ، گەنم ، گۆشت ، مانگ ، هۆگر)لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتیٚ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

خستنەڕوو /

هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وە( کەف ) یان نیشان دەدەم وبەم پرسیارانە دەست پیٚ دەکەم:

- ئەمە چییە ؟
- لەچی ( کەف ) مان دەست دەکەوێت ؟
- ( کەف ) سوودی چییە بۆ جل و بەرگەکانمان ؟

پاش ئەوە باسی ئەو شتانەیان بۆ دەکەم (کەف) دەکەن وەکەفمان لێیان دەست دەکەوێت ،وەکەف جل و بەرگ وقاپ وکەرەستەکانی ناوماڵمان بۆ پاك دەکەنەوە،ئەوجا پێیان دەڵێم ( کەف ) دەنگی ( ف ) تێدایە وەچەند جارێك وشەو پیتەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە .

هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ف، ف ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ف ) وشەی ( کەف ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پیٚ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پیٚ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ف ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( ف ) وشەی ( فڕۆکە ) بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی ( کەف )پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پیٚ دەنوسمەوە بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ە،ا) .

هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵیٚ وئەو وشەیەیی پیتی ( ف، ف ) کۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی ( ف، ف ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( ف، ف ) تێدا بێت .

چالاكی/١/ :-تۆخییكەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاكی /٢/:- ناوی وێنەكان بڵێ و پیتی( ف، ڤ ) لەبۆشاییەكەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەكە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاكی/٣/:- وشەكان بخوێنەوەو ، پاشان وشە لێك چووەكان رەنگ بكە .

چالاكی/٤/:- ناوی ڕەنگەكان بڵێ و پاشان بینوسەو بیخوێنەوە .

چالاكی /٥/:- ئەم منداڵانە خەریكی چین لەوێنەكەدا دیارن ،قوتابیان باسی بكەن .

چالاكی /٦/:- دەقەكە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان ، بەقوتابیانی دەخوێنەمەوە ،ئەوجا داوایان لێ دەكەم وشەكان بخوێننەوەو ڕێكیبخەو بینوسەو بیخوێنەوە .

زمانی کوردی　　　　پۆلی یەکەم　　　　بابەت :( مەل )پیتی( ل،لـ )

وانەی :بیست و سێ　　　　ڕۆژی:　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ل،لـ ) لەوشەی ( مەل،لۆکە )**

**شێوازی دەربڕین:- لایی، ددان ،گڕ.**

**هۆکانی فێرکردن:- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ،لۆکە .**




سەیری ئەو مەلە جوانە　　　　چۆن دەفڕێ لەو ئاسمانە

خۆزگە منیش وەک مەلان　　　　دەفڕیم لەبەرزی ئاسمان

| | | |
|---|---|---|
| مەل | مـ　ە　ل | ل |
| لۆکە | لـ　ۆ　کـ　ە | لـ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت (دەف ،فێنك ، فاو ، سۆفی ، فەروە، فانی ، تریفە ، شفتە ، مارف )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وبەم پرسیارانە دەست پێ دەکەم:**

- **ئەمە چییە ؟**
- **باڵندەکان بەچی دەفڕن ؟**
- **بەچی باڵندەیەك دەوترێت مەل ؟**
- **ئایە هەموو باڵندەکان دەفڕن ؟**
- **ئەی هەموو باڵندەکان وەك یەکن ؟**
- **باڵندەکان چی دەخۆن ؟**
- **چۆن زۆر دەبن، لەشیان بەچی دا پۆشراوە ؟**

**پاشان باڵندەیان نیشان دەدەم ، پێیان دەڵێم باڵندەکان هەمە جۆرن بچوك وگەورەن لەشیان بە پەڕ دا پۆشراوە دەنگ ورەنگیان جیاوازە هەمووشیان نافڕن وەك وشتر مرغ ومریشك هەندێکیان ڕووەك دەخۆن و هەندێکیشیان گۆشت دەخۆن وەهەندێکیان مرۆڤ بەخێویان دەکات بۆ جوانی وگۆشت و هێلکە، ڕاوکردن،وەباڵندەکان بەهۆی هێلکە کردنەوە زۆر دەبن ئەوانەی بەئاسماندا دەفڕن وەك (مراوی ،سۆنە ،قاز ، نەورەس ،ماسی گرە ، هتد........) پێیان دەڵێن (مەل) وەدەنگی ( ل ) تێدایە وەچەند جارێك وشەو دەنگەکەیان بۆ دووبار دەکەمەوە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ل، لـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ل ) وشەی (مەل ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ل ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( لـ ) وشەی ( لۆکە )**

بەكار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی (مەل)پاشان پیتەكەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو كردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەكارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ە،ا) .

<u>هەنگاوی /٤/:-</u> ناوی وێنەكان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی (ل، لـ) كۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

<u>هەنگاوی /٥/:-</u> ئەو وشەیەی پیتی (ل، لـ) تێدایە پیتەكە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەكە بگرە .

<u>هەنگاوی /٦/:-</u> داوا دەكەم لەقوتابییان پیتەكە دەربڕن وەچەند وشەیەكم بە نموونە بۆ بهێننەوە كە پیتی (ل، لـ) تێدا بێت .

**چالاكی/١/:-**تۆخیبكەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

**چالاكی /٢/:-** ناوی وێنەكان بڵێ و پیتی(ل، لـ) لەبۆشاییەكەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەكە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

**چالاكی/٣/:-** وشەكان بخوێنەوەو ، پاشان وشە لێك چووەكان رەنگ بكە .

**چالاكی/٤/:-** ئەم برگانە لێك بدەو وشەی لێدروست بكە پاشان وشەكە بنوسەرەوەو بیخوێنەوە .

**چالاكی /٥/:-** ڕستەكان بخوێنەرەوە پاشان بینوسەوە .

زمانی كوردی | پۆلی یەكەم | بابەت :( قانع ) پیتی( ع،عـ )

وانەی :بیست و چوار | ڕۆژی: | بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ع،عـ ) لەوشەی ( قانع،عود )**

**شێوازی دەربڕین:- وەستاو، گەڕوو ،گڕ .**

**هۆكانی فێركردن:- كومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، كتێب ،داری ئاماژە ،كارتی وشە وبڕگە و پیتەكان ،تەختەی گیرفان ،ماجیكی ڕەنگاو ڕەنگ وكارتی نوسینی پیتەكان .**



**قانع پیاوێكی مەردە هۆنەری گەورەی كوردە**

**ئەم مرۆڤە ناودارە ناوی لەمێژوو دیارە**

| | | |
|---|---|---|
| قانع | ق ا ن ع | ع |
| عود | عـ و د | عـ |

**پێشەكی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەكان بەدانانی ئەم وشانەلەكارت ( لۆكە ، لاوی ، لانە ، لۆبیا ، دەلال ،لفكە ،لەش ، لۆری ،كلۆر)لەسەر بۆردەكە بەهەڵگەڕاوەیی كە پیتە خوێندراوەكانی بابەتەكانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی كارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەكە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەكەیان بۆ نمایش دەكەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەكەم:**

- **ئەمە وێنەی كێیە ؟**
- **ئەم پیاوە كێیە ؟**
- **مامۆستا ( قانع ) كێیە ؟**

**پاشان بەم شێوە دەست پێدەكەم ( قانع )مامۆستا و شاعیر ڕۆشنبیری ناوداری نەتەوەی كوردە ولەكۆتایی سەدی نۆزدە لە( ١٨٩٨ ) لەدایك بووە لەدۆڵاشی ناوچەی مەریوان ،شاعیرێكی زۆر دڵسۆز نیشتیمان پەروەر بووە هەمووغەمێكی خاك ونیشتمان و نەتەوەكەی بووە ،هەمیشە دژی داگیركەرانی كوردوستان بووە وەلەزۆربەی شیعرەكانیدا ڕەنگیداوەتەوە وەزۆر لەخەمی یەكگرتنی نەتەوەكەیدا بووە دژی زوڵم و زۆری داگیركەران لەژیانیدا هەمیشە بەهۆنراوەكانی ئامۆژگاری گەلەكەی كردووە بۆ كاری چاكەوەلەساڵی ١٩٦٥ كۆچی دوایی كردووە ، ئەوجا پێیان دەڵێم ( قانع ) دەنگی ( ع ) تێدایە وە چەندجارێك بۆیان دووبارە دەكەمەوە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەكانیان بۆ نمایش دەكەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەكەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ع ، عـ ) تێدایە بازنەكەی ژێری ڕەنگ بكە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوكەكانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاكردنەوەو ڕووتەڵكردن ، پاشان بۆ دەستكەوتنی پیتی ( ع ) وشەی ( قانع ) یان بۆ بەكار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەكانیان پێ دەردەكەم وچەند جارێك پیتەكەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ع ) كۆتایی،وە بۆ دەستكەوتنی ( عـ ) وشەی ( عود ) بەكار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی ( قانع )پاشان پیتەكەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەڕەچاو كردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەكارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ١،ە ) وەپێیان دەڵێم پیتی ( ـعـ ) لەناوەڕاستدا بەم شێوە دەبینین جیاوازی نییە .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەكان بلێ وئەو وشەیەی پیتی ( ع، عـ ) كۆتاو سەرەتاوناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی ( ع، عـ ) تێدایە پیتەكە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەكە بگرە .**

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی (ع، عـ) تێدا بێت .

چالاکی/١/:-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی(ع، عـ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/:- پیتەکان بخوێنەوەو ، پاشان پیتەخوێندراوەکان رەنگ بکە .

چالاکی/٤/:- دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بەقوتابیانی دەخوێنەمەوە ،ئەوجا داوایان لێ دەکەم وشەکان بخوێننەوەو ڕێکبخەو بینوسەو بیخوێنەوە

زمانی کوردی　　　　پۆلی یەکەم　　　　بابەت :( دەهۆڵ ) پیتی( ڵ، ڶ )

وانەی :بیست و پێنج　　　　ڕۆژی:　　　　بەروار:

---

**ئاما نجی تایبەتی :**-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ڵ، ڶ ) لەوشەی ( دەهۆڵ، ئالاڵ )

**شێوازی دەربڕین :**- لایی، مەلاشوی ڕەق ،گڕ .

**هۆکانی فێرکردن :**- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان، ئالاڵ .

ئەمڕۆ ئاهەنگە گیانە　　　　دەنگی دەهۆڵ لێدانە

سەرکەوتنی کوردانە　　　　ئازادی بۆ هەمووانە




| | | |
|---|---|---|
| دەهۆڵ | د ە ه ۆ ڵ | ڵ |
| ئالاڵ | ئـ ا ڶ ا | ڶ |

**پێشەکی/** پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت ( عومەر ، عەلی ، عەمرە ، سەعید ، عەینەك ، باع ، عەسر ،عانە ،عەرەب )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:**-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەکەم:

- چی دەبینین لەم وێنەدا ؟
- دەهۆڵ لەچی دروست دەکرێت ؟
- کێ گوێی لەدەنگی دەهۆڵ بووە ؟
- کێ لەنزیکەوە دەهۆڵی بینیوە ؟

پاشان باسی دەهۆڵیان بۆ دەکەم کەلەچەرمی ئاژەڵ دروست دەکرێت و بەهۆی دووداریەوە لێ دەدرێت کە لەشایی وبۆنەو ئاهەنگەکاندا لەگەڵ زوڕنا لێدەدرێت و دەنگێکی ئێجگار خۆشی هەیە،وەپێیان دەڵێم ( دەهۆڵ ) دەنگی ( ڵ ) تێدایە وچەند جارێك وشەکەو پیتەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە .

**هەنگاوی /٢/:**-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ڵ ، ڶ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

**هەنگاوی/٣/:**- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ڵ ) وشەی ( دەهۆڵ ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم وەپێیان دەڵێم ئەمە پێی دەوترێت ( ڵ ) کۆتایی،وە بۆ دەستکەوتنی ( ڶ ) وشەی ( ئالاڵ ) بەکار دێنم بەهەمان شێوەی وشەی ( دەهۆڵ )پاشان پیتەکەیان چەند جارێك پێ دەنوسمەوە بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ە،ا ) وەپێیان دەڵێم پیتی ( ڶ )هەرگیز ناکەوێتە سەرەتای وشەوە .

**هەنگاوی /٤/:**- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ڵ، ڶ ) کۆتاو ناو وشەی تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/:**- ئەو وشەیەی پیتی ( ڵ، ڶ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

هەنگاوی /٦/ :- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربرن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( ڵ، ڵـ ) تێدا بێت .

چالاکی/١/ :-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/ :- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( ڵ، ڵـ ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/ :- وشەکان بخوێنەوەو ، پاشان وشە لێکچووەکان رەنگ بکە .

چالاکی/٤/ :-بڕگەکان لێکبدەو بیکە بەوشە وبینوسەوەو بیخوێنەرەوە .

چالاکی /٥/ :-ئەم وشانە بخوێنەرەوە پاشان پۆلێنیان بکە بۆ ( ئامێر، میوە ) بیان نوسەرەوە .

چالاکی/٦/ :- دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بەقوتابیانی دەخوێنەمەوە ،ئەوجا داوایان لێ دەکەم ڕستەکان بخوێننەوەو بینوسنەوە .

زمانی کوردی　　پۆلی یەکەم　　بابەت :(بەهرە)پیتی(هـ)

وانەی :بیست وشەشەم　　ڕۆژی:　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :**-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی(هـ) لەوشەی (بەهرە)

**شێوازی دەربڕین:**- خشۆك، گەروو ،کپ .

**هۆکانی فێرکردن:**- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .




بەهرە لە پۆلی یەکە　　زۆر ژیکەڵەو زیرەکە

ئەمساڵ کەساڵ تەواو بوو　　دەر دەچێت بۆ پۆلی دوو

| بەهرە | بـ ە هـ ر ە | هـ |
|---|---|---|

**پێشەکی/** پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانەلەکارت (ساڵ ، منداڵ ، سکاڵا ، شەماڵ ،ماڵە ، شاڵ ،تاڵاو ، شمشاڵ ،کاڵی)لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:**-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەکەم:

- چی دەبینین لەم وێنەدا ؟
- کێدەزانێ ئەم کچە جوانە ناوی چییە ؟

پاشان پێیان دەڵێم ئەم هاوڕێ جوانەمان ناوی (بەهرە) یە ، یەکێکە لەقوتابییە زیرەك وئازاکانی پول زۆر گوێڕایەڵی مامۆستاکانیەتی هەمیشەبە چالاکانە ئەرکەکانی قوتابخانە ئەنجام دەدات ، زۆر یارمەتی هاوڕێکانی دەدات هەمیشە پێیان دەڵێت کۆشش بکەن و پاك وخاوێنی پۆل و قوتابخانەکەمان ودەوروبەرمان بپارێزن بۆ ئەوەی ژینگەمان پاك بێت ، بۆیە هاوڕێکانی ومامۆستایان هەمووان خۆشیان دەوێ ، هەمووتان دەبێت چاو لە بەهرەی هاوڕێمان بکەین تا لای هەمووان خۆشەویست بین .

**هەنگاوی /٢/:**-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( هـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

**هەنگاوی/٣/:**- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دستکەوتنی پیتی (هـ) وشەی (بەهرە) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان و پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا،ە) .

**هەنگاوی /٤/:**- ناوی وێنەکان بلێ وئەو وشەیەیی پیتی (هـ) تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/:**- ئەو وشەیەی پیتی (هـ)تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

**هەنگاوی /٦/:**- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی (هـ)تێدا بێت .

**چالاکی/١/:**-تۆخیبکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

**چالاكی /٢/:-** ناوی وێنەكان بڵێ و پیتی(هـ ) لەبۆشاییەكەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەكە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

**چالاكی/٣/:-** برگەكان لێكبدەوبیكە بەوشەو بینوسەوەو بیخوێنەوە .

**چالاكی/٤/:-** .ئەم وشانە بخوێنەرەوە پاشان پۆلێنیان بكە بۆ (شوێن، میوە )بیان نوسەرەوە .

**چالاكی/٥/:-** دەقەكە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بەقوتابیانی دەخوێنەمەوە ،ئەوجا داوایان لێ دەكەم وشەكان ڕێكبخەوبیكە بەڕستە بخوێننەوەو بینوسنەوە .

زمانی کوردی پۆلی یەکەم بابەت :(بۆق )پیتی( ق ،قـ )

وانەی :بیست وحەوت ڕۆژی: بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :**-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ق ،قـ ) لەوشەی ( بۆق ،قاپ )

**شێوازی دەربڕین:**- وەستاو، گەروو ،کپ .

**هۆکانی فێرکردن :**- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ،قاپ .

بۆق گیاندارێکی جیایە هەردەم لەزەلکاودایە

بۆقی چاو زەقی ئازا قیڕاندی وبازی هەڵدا



| | | |
|---|---|---|
| بۆق | بـ ۆ ق | ق |
| قاپ | قـ ا پ | قـ |

**پێشەکی/** پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەداناني ئەم وشانەلەکارت ( هەردی ،هەژار ،بەهار ،هاوار ،هانی ،هۆرە ، هیوا ، هەنار ،بەهێ )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/ :**-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەکەم:

- چی لەم وێنەدا دەبینن؟
- بۆق لەکوێ دەژی ؟
- بۆق دەنگی چۆنە ؟
- بۆق سوودی چییە ؟

پاشان پێیان دەڵێم ( بۆق ) یەکێکە لەو گیانەوەرانەی لەوشکانی ولەئاویشدا دەژی بۆق دەقیڕێنێ بۆق ، بەهۆی هێلکە کردنەوە زۆر دەبێت ، هێلکەکانی لەئاودا دەکات ودەتروکێت لەئاودا و دەبێت بە سەرەمێکوتە ولەم کاتەدا بێتە دەرەوە لەئاو دەمرێت چونکە وەك ماسی هەناسە دەدات بەهۆی ڕیشووە کەوانەکانیەوە ئۆکسجینی تواوەی ئاو وەردەگرێت پاشان خواردن دەخوات و دوو دەست و دووقاچی لێ پەیدا دەبێت و کلکەکەی وردە وردە نامێنێت و دەبێت بەبۆقێکی بچوك ئەوکاتە دەتوانێت بێتە دەرەووە وەك ئێمەی مرۆڤ لەوشکانیش بژی ، ڕاوە مێش ومێشوولە دەکات وگەورە دەبێت بۆق سوودێکی زۆری هەیە بۆمان چونکە مێش و مێشوولەو میرووە زیان بەخشەکان دەخوات.وەپێان دەڵێم(بۆق ) دەنگی ( ق ) تێدایە وچەند جارێك بۆیان دووبارە دەکەمەوە.

**هەنگاوی /٢/ :**-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ق،قـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

**هەنگاوی/٣/ :**- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ق ) وشەی ( بۆق ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد وەبۆ دەستکەوتنی ( قـ ) وشەی ( قاپ ) یان بۆ بەکار دێنم بەهەمان شێوەی ( بۆق ) وە پیتەکەیان لەبۆرد پێدەنوسم ، هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ە،ا ) .

**هەنگاوی /٤/ :**- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ق،قـ ) تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/:-** ئەو وشەیەی پیتی (ق،قـ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

**هەنگاوی /٦/:-** داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی (ق،قـ) تێدا بێت .

**چالاکی/١/:-**تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

**چالاکی /٢/:-** ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی(ق ،قـ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

**چالاکی/٣/:-** پیتێك لەنێو کەوانەکاندا هەڵبژێرە بۆ تەواو کردنی وشەکانی خوارەوە.

**چالاکی/٤/:-** .ئەم وشانە بخوێنەرەوە پاشان بەیەکتریان بگەیەنە.

**چالاکی/٥/:-**دەنگی ئەو گیاندارانە بخوێنەوەو پاشان ناوی گیاندارەکە بەرامبەری دەنگەکانیان بنوسەو بیخوێنەوە

**چالاکی/٦/:-** دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بەقوتابیانی دەخوێنەمەوە ،ئەوجا داوایان لێ دەکەم ڕستەکە بخوێننەوەو بینوسنەوە .

زمانی کوردی　　　　پۆلی یەکەم　　　　بابەت :( شاخ )پیتی( خ ، خـ )

وانەی :بیست وهەشت　　　　ڕۆژی:　　　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :**-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( خ ، خـ ) لەوشەی ( شاخ ، مێخەك )

**شێوازی دەربڕین:**- خشۆك، نەرمەمەلاشو ،كپ .

**هۆكانی فێركردن:**- كومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، كتێب ،داری ئاماژە ،كارتی وشە وبڕگە و پیتەكان ،تەختەی گیرفان ،ماجیكی ڕەنگاو ڕەنگ كارتی نوسینی پیتەكان ،مێخەك .

كوردستانم زۆر جوانە　　　　گشت شاخ و دارستانە

خوایە نەیكەی وێرانە　　　　ئەم كوردستانە جوانە




| | | |
|---|---|---|
| شاخ | شـ ا خ | خ |
| مێخەك | مـ ێ خـ ە ك | خـ |

**پێشەكی/** پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەكان بەدانانی ئەم وشانە لەكارت ( قاز ،قەل ،ڕەق ،قەلا ،سماق ، لەقلەق ، قەیران ،قاشتی ، تەقەڵ )لەسەر بۆردەكە بەهەڵگەڕاوەیی كە پیتە خوێندراوەكانی بابەتەكانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی كارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەكە بینوسێتەوە .

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:**-وێنەی بابەتەكەیان بۆ نمایش دەكەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەكەم:

- چی لەم وێنەدا دەبینن؟
- چی تری پێ دەوترێت ؟
- ئەوشاخانەی لەدەورمانن ناویان چییە؟

پاشان باسی (شاخ ) یان بەخێرایی بۆ دەكەم كەزۆربەی خاكی كوردستان پێك هاتووە لەشاخ كەپڕە لە دار و درەخت و هەموو جۆرە گیاندارێكی كێوی كە ئەوەندەی تر ژینگەو سروشتیان جوان و ڕازاوە تر كردووە،سالانە خەڵكێكی زۆر سەردانی كوردستان دەكەن بۆ بینینی سروشتی جوانی بەسەر بردنی كاتەكانیان وە پێیان دەڵێم ( شاخ )دەنگی ( خ ) تێدایە وەچەند جارێك وشەو دەنگەكەیان بۆ دووبارە دەكەمەوە .

**هەنگاوی /٢/:**-وێنەكانیان بۆ نمایش دەكەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەكەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( خ ،خـ ) تێدایە بازنەكەی ژێری ڕەنگ بكە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوكەكانیان .

**هەنگاوی/٣/:**- جیاكردنەوەو ڕووتەڵكردن ، پاشان بۆ دەستكەوتنی پیتی ( خ ) وشەی ( شاخ ) یان بۆ بەكار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەكانیان پێ دەردەكەم وچەند جارێك پیتەكەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرچاو كردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد وەبۆ دەستكەوتنی ( خـ ) وشەی ( مێخەك ) یان بۆ بەكار دێنم بەهەمان شێوەی ( شاخ ) وەپیتەكەیان لەبۆرد پێدەنوسم ، هەروەها بەكارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (١،ە ) .

**هەنگاوی /٤/:**- ناوی وێنەكان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( خ،خـ ) تێدایە دەوری بگرە .

**هەنگاوی /٥/:**- ئەو وشەیەی پیتی ( خ،خـ ) تێدایە پیتەكە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەكە بگرە .

**هەنگاوی /٦/:**- داوا دەكەم لەقوتابییان پیتەكە دەربڕن وەچەند وشەیەكم بە نموونە بۆ بهێننەوە كە پیتی ( خ،خـ ) تێدا بێت .

چالاکی/١/:-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ناوی وێنەکان بڵێ و پیتی( خ ،خـ ) لەبۆشاییەکەدا لەشوێنی گونجاودا بنووسە تا وشەکە تەواو ببێت ، پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/:- وشەکان بخوێنەوە پاشان هەڵیوەشێنەوە بۆ پیتەکانی وبینوسەوە ، پاشان پیتەکان لێکبدەو بیکە بەوشەو بینوسەو بیخوێنەوە.

چالاکی/٤/:- نیشانەی ڕاست لەچوار گۆشەی وشەی گونجاو دابنێ لەژێر ئەوخۆراکانەدا .

چالاکی/٥/:-دەنگی ئەو گیاندارانە بخوێنەوەو پاشان ناوی گیاندارەکە بەرامبەری دەنگەکانیان بنوسەو بیخوێنەوە

چالاکی/٦/:- دەقەکە دەخوێنمەوە بۆ قوتابییان پاشان بەقوتابیانی دەخوێنمەوە ،ئەوجا داوایان لێ دەکەم ڕستە پرسیارییەکان بخوێننەوەو قوتابییان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە .

چالاکی/٧/:-وشەکان بخوێننەوە ڕیکی بخەو بینوسەوە پاشان ڕستەکە بخوێنەوە .

زمانی کوردی | پۆلی یەکەم | بابەت :( ساج ) پیتی( ج ، جـ )

وانەی :بیست ونۆ | ڕۆژی: | بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :**-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ج ، جـ ) لەوشەی ( ساج ، جانتا )

**شێوازی دەربڕین:**- وەستاو ، ڕەقە مەلاشو ، گڕ .

**هۆکانی فێرکردن :**- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ وکارتی نوسینی پیتەکان .

وەرە سەیر بکە گیانە
نانی ساج چەن جوانە




نانی ساجی دایە گیان
بێ وێنەیە لەجیهان

| | | |
|---|---|---|
| ساج | ســ ا ج | ج |
| جانتا | جـ ا نـ تـ ا | جـ |

پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانە لەکارت ( خانو ، خەم ، خەیام ،باخ ، خۆر ، خەندە ، خەیام ، خەزان ، خاولی )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .

<u>**خستنەڕوو /**</u>

<u>**هەنگاوی /١/:**</u>-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەکەم:

- چی لەم وێنەدا دەبینن؟
- بۆ چی باشە ( ساج ) ؟
- چۆن نانی ساج دەکەین ؟
- نان لەچی دروست دەکرێت ؟

پاشان باسی چۆنێتی دروست کردنی نانی ساجیان بۆ دەکەم پاشان پێیان دەڵێم ( ساج ) دەنگی ( ج ) تێدایە وەچەند جارێك بۆیان دووبارە دەکەمەوە .

<u>**هەنگاوی /٢/:**</u>-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ج ،جـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .

<u>**هەنگاوی/٣/:**</u>- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( ج ) وشەی ( ساج ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد وەبۆ دەستکەوتنی ( جـ ) وشەی ( جانتا ) یان بۆ بەکار دێنم بەهەمان شێوەی ( ساج ) وەپیتەکەیان لەبۆرد پێدەنوسم ، هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (١،ە) .

<u>**هەنگاوی /٤/:**</u>- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( ج،جـ ) تێدایە دەوری بگرە .

<u>**هەنگاوی /٥/:**</u>- ئەو وشەیەی پیتی ( ج،جـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .

<u>**هەنگاوی /٦/:**</u>- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( ج،جـ ) تێدا بێت .

**چالاکی/١/:**-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاكی /٢/ :- ڕستەیەك بۆ ئەو وێنەیە دروست بكە و بینوسەوە پاشان بیخوێنەوە .

چالاكی/٣/ :- وشەكان بخوێنەوە پاشان وشە پێچەوانەكان بەیەك بگەیەنە .

چالاكی/٤/ :- پیتەكان لێك بدەو بیكە بەوشە پاشان وشەكە بكە بەبڕگە .

چالاكی/٥/ :- وشەكان بخوێنەروە پاشان وشە نامۆ وجیاوازەكانی ناو هەر یەك لە و كۆمەڵە وشانە دەور بگرە .

چالاكی/٦/ :- بۆشاییەكانی خوارەوەی ئەم دەقە بەوشەی نێو كەوانەكە پڕ بكەرەوە پاشان دەقەكە بخوێنەوە ئەوجا لەژێریدا بینوسەوە .

زمانی کوردی پۆلی یەکەم بابەت :(باغ)پیتی(غ ،غـ)

وانەی : سی ڕۆژی: بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی(غ ،غـ) لەوشەی (باغ ،قەڵغان)**

**شێوازی دەربڕین:- خشوك ، نەرمە مەلاشو ، گڕ .**

**هۆکانی فێرکردن:- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان .**

وەرن بچین بۆ ناو باغ باغی قۆپی قەرەداغ

شیری مەڕەبزن دێنین دەیکەین بەماست وقەیماغ




| | | |
|---|---|---|
| باغ | بـ ا غ | غ |
| قەڵغان | قـ ە ڵـ غـ ا ن | غـ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانە لەکارت ( جام ، جەوەنە ، جوجکە ، هەلاج ، برنج ، جاجم ، جەژن ، جۆگە ،باج )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەکەم:**

- **چی لەم وێنەدا دەبینن؟**
- **باغ چی تێدایە ؟**
- **ئایە میوەکان هەمووی لەیەك کاتدا پێ دەگات لەباغ ؟**
- **ئەو میوانەی لەباغ لای خۆمان هەیە کامانەن ؟**

**پاشان باسی باغیان بۆ دەکەم کەکوردستان ولاتێکی کشتوکاڵیەو خاکی بەپیتە ،زۆربەی گوندەکانی کوردستان خەریکی (باغ) وئاژەڵدارین لەباغ دا درەختی میوەی هەمە جۆر هەیە وەك( هەنجیر ، هەنار ،ترێ ،قۆخ ، قەیسی ، هەڵوژە ،گیلاس ، سێو ، پرتەقاڵ ،لیمۆ ، بەهێ ، هەرمێ ،سندی ، هەنگی دنیا ، مۆز ) هتد ..........هەروها باشترین جۆری( گوێز ، بادەم ، فستق ، زەیتون ) لەباغەکانی کوردستان بەرهەم دێت ، پاشان پێیان دەڵێم (باغ) دەنگی (غ) تێدایە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( غ،غـ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو رووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی (غ) وشەی (باغ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەڕەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد وەبۆ دەستکەوتنی (غـ) وشەی (قەڵغان) یان بۆ بەکار دێنم بەهەمان شێوەی (باغ) وەپیتەکەیان لەبۆرد پێدەنوسم،وەپێیان دەڵێم پیتی (غـ )کەوتە ناوەڕاستەوە بەم شێوازە هەندێك جار دەبینین هیچ جیاوازیەکی نییە، هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (ا،ە) .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بلێ وئەو وشەیەیی پیتی (غ،غـ) تێدایە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی (غ،غـ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

هەنگاوی /٦/:- داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( غ،غـ ) تێدا بێت .

چالاکی/١/:-تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

چالاکی /٢/:- ڕستەیەك بۆ ئەو وێنەیە دروست بکە و بینوسەوە پاشان بیخوێنەوە .

چالاکی/٣/:- دەنگی ئەم گیاندارانە بڵێ و ناوی گیاندارەکان بنووسە .

چالاکی/٤/:- دەقەکە بۆ قوتابییان دەخوێنمەوەپاشان پێیان دەخوێنمەوەو ، پێیان دەڵێم نیشانەی (ڕاست یان هەڵە ) لەولاکێشانەی خوارەوە بەرانبەر بەڕستەکان دابنێ بە پێی دروستی .

چالاکی/٥/:- هەریەك لەو ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە و پاشان بینوسەوە .

بابەت :(مرۆڤـ)پیتی(ڤـ،ڤ)　　　　پۆلی یەکەم　　　　زمانی کوردی

بەروار:　　　　ڕۆژی:　　　　وانەی : سی و یەك

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( ڤـ ،ڤ ) لەوشەی ( مرۆڤـ ،گۆڤار )**

**شێوازی دەربڕین :- خشوك ، لێوی ددان ، گڕ .**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان ، گۆڤار.**

**مرۆڤـ هەموو یەکسانین　　　　دروست کراوی یەزدانین**



| با ڕێز لەیەکتر بگرین | | ڕق وکینە هەڵنەگرین |
|---|---|---|
| مرۆڤـ | مـ ر ۆ ڤـ | ڤـ |
| گۆڤار | گ ۆ ڤ ا ر | ڤـ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانە لەکارت ( غەمگین ، قەیاغ ، دارۆغا ، غەیدان ، مەغرور ، غاردان ، بەغداد ،سەنغور ، بەبەغا )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/:-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەکەم:**

- **چی لەم وێنەدا دەبینن؟**
- **مرۆڤـ کێیە ؟**
- **مرۆڤـ کێ دروستی کردووە ؟**
- **مرۆڤـ توانای چی هەیە ؟**

**پاشان باسی (مرۆڤ) یان بۆ دەکەم کەجوانترین دروست کراوی یەزدانە خوای گەورە کەخولقێنەری هەموو گەردون بونەوەرەکانە خۆی ڕێزی گرتووە لە(مرۆڤـ ) بۆیە پێویستە ئێمەش ڕێزلەیەکتر بگرین ، وەپێیان دەڵێم (مرۆڤـ ) دەنگی (ڤـ) تێدایە وە چەند جارێك وشە و دەنگەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە .**

**هەنگاوی /٢/:-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( ڤـ ،ڤـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/:- جیاکردنەوەو ڕووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی (ڤـ) وشەی (مرۆڤـ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان و پاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرەچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد وەبۆ دەستکەوتنی (ڤـ) وشەی (گۆڤار) یان بۆ بەکار دێنم بەهەمان شێوەی (مرۆڤـ) وەپیتەکەیان لەبۆرد پێدەنوسم، هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی (٥،١) .**

**هەنگاوی /٤/:- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی (ڤـ،ڤـ) تێدایە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/:- ئەو وشەیەی پیتی (ڤـ،ڤـ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

**هەنگاوی /٦/ :-** داوا دەكەم لەقوتابییان پیتەكە دەربڕن وەچەند وشەیەكم بە نموونە بۆ بهێننەوە كە پیتی ( ڤـ ،ڤ ) تێدا بێت .

**چالاكی/١/ :-**تۆخییكەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

**چالاكی /٢/ :-** ڕستەیەك بۆ ئەو وێنەیە دروست بكە و بینوسەوە پاشان بیخوێنەوە .

**چالاكی/٣/ :-** شێوازی تر پیتەكە بنوسەرەوە كەهەمان دەنگی هەیە لەو خشتەیە .

**چالاكی/٤/ :-** بۆشاییەكانی لای خوارەوە پڕ بكەرەوە بەبەكارهێنانی وشەكانی نێوئەو دوو كەوانەیە .

**چالاكی/٥/ :-** ڕەنوسی هەریەك لەو ژمارانەی خوارەوە بنوسەوە .

**چالاكی/٦/ :-**دەقەكەبۆ قوتابییان دەخوێنمەوە ،ئەوجا داوا لەقوتابییان دەكەم دەقەكەم بۆ بخوێننەوە پاش هەندێ گفتو گۆ داوایان لێ دەكەم ئەو دوو ڕستە بنوسنەوە .

زمانی کوردی　　پۆلی یەکەم　　بابەت :(ورچ )پیتی(چ،چـ )

وانەی : سی و دوو　　ڕۆژی:　　بەروار:

---

**ئامانجی تایبەتی :-ناسینی دەنگ وشێوەی دەربڕین و نووسینی پیتی( چ ، چـ ) لەوشەی ( ورچ ، چاو )**

**شێوازی دەربڕین:- وەستاو ،ڕەقە مەلاشو ،کپ .**

**هۆکانی فێرکردن :- کومپیوتەر ،داتاشۆ ،بۆرد ،ماجیك، کتێب ،داری ئاماژە ،کارتی وشە وبڕگە و پیتەکان ،تەختەی گیرفان ،ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ کارتی نوسینی پیتەکان بوکەڵەی ورچ.**

**ئەی ورچی جوان وشیرین　　بۆمان هێناوی هەنگوین**

**ورچە نۆشیکە گیانە　　هەنگوینی کوردستانە**




| | | |
|---|---|---|
| ورچ | و　ر　چ | چ |
| چاو | چـ　ا　و | چـ |

**پێشەکی/ پێداچوونەوە بە پیتە خوێندراوەکان بەدانانی ئەم وشانە لەکارت ( ئاڤـ ، سۆلاڤـ ،ئەڤە ، هێڤی ، ڤشان ، شەڤـ ، دلۆڤان ،کەڤەر ، تۆڤگە ،ڤاریا )لەسەر بۆردەکە بەهەڵگەڕاوەیی کە پیتە خوێندراوەکانی بابەتەکانی ڕابردووی تێدا بێت وقوتابی کارتێ هەڵگرێت وبیخوێنێتەوە پاشان لەسەر بۆردەکە بینوسێتەوە .**

**خستنەڕوو /**

**هەنگاوی /١/ :-وێنەی بابەتەکەیان بۆ نمایش دەکەم وئەم پرسیارانەیای لێ دەکەم:**

- **ئەمە چییە؟**
- **چەند ڕەنگ ( ورچ ) مان هەیە ؟**
- **ورچ لەکوێ دەژی ؟**
- **ورچ چی دەخوات و زیاتر حەزی لەچیە ؟**

**ئەوجا باسی ( ورچ ) یان بۆ دەکەم کە گیاندارێکی کێویە لەدارستان وجەنگەڵکاندا دەژی ورچ جۆری زۆرە ،هەر ناوچەیەك ورچەکەی لەڕەنگ وقەبارە وشێوازدا لەگەڵ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە لەوانە ورچی (قاوەیی ، سپی ، ڕەش ، خۆڵەمێشی ، پاندا ،سوور ) ،ورچ دەنگی ( چ ) تێدایە وەچەند جارێك وشە ودەنگەکەیان بۆ دووبارە دەکەمەوە .**

**هەنگاوی /٢/ :-وێنەکانیان بۆ نمایش دەکەم لەسەر بۆرد پاشان داوا دەکەم لەقوتابییان ئەو وێنەیەی دەنگی( چ ، چـ ) تێدایە بازنەکەی ژێری ڕەنگ بکە لەسەر بۆرد پاشان لە پەرتوکەکانیان .**

**هەنگاوی/٣/ :- جیاکردنەوەو رووتەڵکردن ، پاشان بۆ دەستکەوتنی پیتی ( چ ) وشەی ( ورچ ) یان بۆ بەکار دێنم لەسەر تەختەی گیرفان وپاشان لە بۆرد ئەوجا بۆردەکانیان پێ دەردەکەم وچەند جارێك پیتەکەیان لەسەر پێ دەنوسم بەرچاو کردنی نوسین لەسەر هێڵ و لەبۆرد وەبۆ دەستکەوتنی ( چـ ) وشەی ( چاو ) یان بۆ بەکار دێنم بەهەمان شێوەی ( ورچ ) وەپیتەکەیان لەبۆرد پێدەنوسم، هەروەها بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو بزوێنی ( ٥،١ ) .**

**هەنگاوی /٤/ :- ناوی وێنەکان بڵێ وئەو وشەیەیی پیتی ( چ ، چـ ) تێدایە دەوری بگرە .**

**هەنگاوی /٥/ :- ئەو وشەیەی پیتی ( چ،چـ ) تێدایە پیتەکە بدۆزەوە و پاشان دەوری پیتەکە بگرە .**

**هەنگاوی /٦/ :-** داوا دەکەم لەقوتابییان پیتەکە دەربڕن وەچەند وشەیەکم بە نموونە بۆ بهێننەوە کە پیتی ( چ ، چـ ) تێدا بێت .

**چالاکی/١/ :-**تۆخییکەرەوە ،بیخوێنەوە ، بینوسەوە .

**چالاکی /٢/ :-** سەیری وێنەکە بکە و بە پێی دیاریکردنی وێنەکە ناوی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەشوێنی ڕاست ودروست بنووسە .

**چالاکی/٣/ :-** شێوەکان بناسەو بیخوێنەوە .

**چالاکی/٤/ :-**دەقەکە بۆ قوتابییان دەخوێنمەوە ،ئەوجا داوا لەقوتابییان دەکەم دەقەکەم بۆ بخوێننەوە ، پاشان هەندێ گفتو گۆیان سەبارەت بەباتەکە لەگەڵ دەکەم وەئەو پرسیارانەی ناو چالاکیەکەیان ئاڕاستە دەکەم .

**چالاکی/٥/ :-**داوا لەقوتابییان دەکەم ڕستەکان بخوێننەوەو پاشان دوو جار بینوسنەوە .

لەگەڵ ڕێزوو خۆشەویستی براتان

م.کریم محمود محمد

مامۆستای ق.بەمۆ (دەربەندیخان)

ژ.م (07502050833)

(07705477154)